مۆدێرنە و راسیزم

جۆرج تەرابیشی

مۆدێرنە و راسیزم

وەرگێڕانی:

شوان ئەحمەد

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

جۆرج تەرابیشی
مۆدێرنە و راسیزم
وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٩٢
چاپی دووەم ٢٠١٢
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦٥٧ - ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

ژپنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-61-4

پێڕست

پێشەکی 7
مۆدێرنە و راسیزم 9
تۆلێرانس 17
"ریمۆن ئارۆن"و پرسی دیموکراسی 27
نازیزم و کۆمۆنیزم 37
چەمەکی هاوولاتی 45
مافەکانی مرۆڤ 53
کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەمەریکایی 63
سەروەریی نیشتمانی 71
پۆست ـ کۆمۆنیزم لە ئەوروپا 79
کۆتاییی تاڵیبان 87

پێشەکی

یەکێک لە ڕۆشنبیرە دیار و چالاکەکانی ئەمڕۆی ڕۆشنبیریی عەرەبی "جۆرج تەرابیشی"یە. نەک هەر ئەوەندەش بگرە دەکرێت ئەم پیاوە وەک دیاردەیەکی ڕۆشنبیریش سەیر بکەین، چونکە لەیەک کاتدا هەم وەرگێڕێکی بەسەلیقە و ڕەخنەگرێکی پڕ بەرهەم و هەم نووسەرێکی بەتواناشە.

ئاوەدانییەک کە بە کتێبخانەی عەرەبییەوە دیار بێت لە بواری وەرگێڕاندا، فەزڵی گەورەی بۆ هەوڵە بەردەوامەکانی قەڵەمی ئەم ڕۆشنبیرە دەگەڕێتەوە کە لە ماوەیەکی زەمەنی کورتخایەندا، توانی بەرهەمگەلێکی بواری دەروونشیکاریی "سیگمۆند فرۆید" و فەلسەفەی مارکسیزم و بوونخوازی فرەنسی، لەگەڵ چەندین کتێبی فیکری و ڕۆمانی بەناوبانگی ڕۆماننووسە جیهانییەکان وەربگێڕێت.

لەگەڵ ئەم کارانەشدا وەختێک پەرژایە سەر نووسین و بە پشتبەستن بەمیتۆدی ڕەخنەیی تازە، کەوتە تاوتوێکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ڕۆماننووسانی جیهانی عەرەبی وەک: "نەجیب مەحفووز، حەنامینە، محەمەد دیب، لەیلا بەعلەبەکی، نەووال سەعداوی، سوهێل ئیدریس و... هتد"، لەم بوارەشدا توانی ئاسۆیەکی نوێ لەبەردەم ڕەخنە و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی سەردەمی خۆیدا بکاتەوە و شێوە نووسینێکی تازە لەو بوارەدا بخوڵقێنێت.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووشەوە کاتێک دەستی دایە پڕۆژەیەکی ڕەخنەیی لە بواری فەلسەفە و فیکری عەرەبی ئیسلامیدا، بە شایەدی زۆر لە کارشناسی ئەو بوارە توانیویەتی کاری زۆر مەزن بکات و بیر و بۆچوونی زۆر لە بیرمەندە ناسراوەکانی ئەو کایە بخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەو کتێبە

رەخنەییيانەی لەم دە پازدە ساڵەی دواییدا کە لەسەر هەریەک لە "حەسەن حەنەفی و د. محەمەد عابد جابری" نووسیونی، نموونەیەکی گەورەی توانا و بەهرەمەندی ئەون لەو بوارەدا.

بەتەنیشت هەموو ئەو کارە رۆشنبیری و فیکرییە جیدییانەشەوە "تەرابیشی" لە رێگەی هەندێک رۆژنامە و کۆوارەوە، چەند ساڵێکە خەریکی ئەنجامدانی کارێکی ترە کە لە ڕووی گرینگییەوە هیچی لە پرۆژەکانی تری کەمتر نییە. ئەو کارەشی برێتییە لە خوێندنەوە و ڕانانی ژمارەیەک کتێبی فیکری تازە و پڕ بایەخ کە بەزمانی فرەنسی دەردەچن و ئەم لە رێگەی رۆژنامەی (الحیاة) و کۆواری (ابواب)ەوە، دەکەوێتە خوێندنەوە و ناساندنیان.

خوێندنەوەی کتێب لەسەر دەستی "تەرابیشی" لە ماوەی ئەم دەساڵەی دواییدا، بووەتە هونەرێکی تایبەتی و ئەو شێوازەشی ئەو لە خوێندنەوە و ڕانانی کتێبدا دەیگرێتەبەر، زۆر دەگمەن و ناوازەیە و لەوەوبەر کەسێک نادۆزینەوە داهێنانێکی لەم جۆرەی کردبێت. ئەو کە دێت کتێبێکت بەردەست دەخات و خوێندنەوەی بۆ دەکات، دوای تەواوبوونی دەگەیتە ئەو حاڵەتەی سەرجەمی کتێبەکەت تاوتوێ کردبێت و پێویستت بەوە نەمابێت جارێکی تر بەو کتێبەدا بچیتەوە.

"تەرابیشی" لە خوێندنەوەی هەر کتێبێکدا لێشاوێک زانیاری و لێکدانەوەی ورد و ئاماری تازەت بەردەست دەخات. هەندێ جار لە پشت ڕانانی ئەو کتێبانەوە، ئەو شتانەشت پێ دەڵێت کە دەبوو ئەو کتێبە باسیان بکات و نەیکردووە یاخۆ بەسەریاندا بازی داوە.. ئێمە لێرەدا و لەم نامیلکەیەدا هەڵبژاردەیەکی ئەو خوێندنەوەی کتێبانەمان ئامادە کردووە و کردوومانەتە کوردی کە "تەرابیشی" لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا بڵاوی کردوونەتەوە، بەو ئومێدەی ئێمەش بەم هونەرە تازەیەی ئەم رۆشنبیرە گەورەوە، شتێک لە ئەزموونی خوێندنەوەی کتێب فێر ببین.

مۆدێرنە و ڕاسیزم

ئەوە مـــۆدێرنەیە نـاو لە راســـیـــزم دەنێت، بـەڵام وەک دیاردەیەک راســـیـــزم داهێنانی مـۆدێرنە نییـە و تەنیـا لە نێوان مـاوەی دوو جـەنگی جیـهـانی و لە سـاڵی ١٩٣٣دا ئـەم چەمکە هاتە ناو فـەرهەنگی زمـانی فـرەنسـیـیـەوە. بەڵام دەتوانین لەنـاو تەواوی شـارسـتـانـیـیـەتە دێرینە ناسـراوەکـانـدا ئـەم دیاردەیە ببینینەوە، بەتایبەتی لەناو ئەو شارستانییانەدا کە خاوەنی نووسین بوون.

یۆنانیـیـەکـان تەواوی گـەلانـی تریان بە (بەربەری) ناونـووس دەکرد، ئیـتـر ئاسـتی شـارسـتـانیـیـەتیـان هـەرچۆنێک بوایە.. شـارسـتـانیـیـەتی عـەرەبی ئیسلامیش لای خۆیەوە ئیشکالیەتی عـەرەب و عەجـەمی هەبووە، بەڵام بەبێ ئەوەی (عەجەم) مایەی تەشـەر و تانەلێدان بوویێت. پێوەری رەگەزپەرستی لە شـارسـتـانییـەتی عـەرەبی ئیـسـلامیـدا رەگەز نەبوو، بگرە رەنگی پێست بوو ئەوی تر نەبوو، بگرە تـەنیا رەش پێسـتـەکان بوو. ئەمـەش مایەی دۆنییـەت و بەکەم زانین بوو، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەدەبیـاتی ئەنسرۆپۆلۆجی "جاحظ"و چامە بەناوبانگەکەی "موتەنەبی"یە لەبارەی "کافوور"ەوە.

لە راسـتـیـدا ئەو موفـارەقـەیەی لە نێوان کـۆنیی دیاردەی رەگـەزپەرسـتی و تازەیی ناوەکەیدا هەیە، تەعبیرە لە هەڵوێسـت گۆڕین لە ئاست ئەو دیاردەیە. لە سـەرەتادا رەگەزپەرسـتی مومـارەسـە دەکرا بـەبێ ناولێنان، ئەمـەش ئەوە دەگـەیـەنێت کە لـەلایەن هەندێک کـۆمـەڵگەی دیاریکراوەوە شـتـێکی پەسـەند بووە، بەڵام لەو کاتەوەی ناونرا، ئیتر وەک دیاردەیەکی سلبی دێتە پێش چاو.

ئەمـرۆکـە تەنانەت ئەوانـەشی رەگـەزپەرسـتن، رازی نین ئەو سـیـفـەتەیان بدرێتەپاڵ. گومـان لەوەدا نییە مۆدێرنە زەوینەیەکی بەپیتی بۆ گەشەسەندنی ئایدیۆلۆجیا رەگـەزپەرستەکان خوڵقاند، بەڵام لە بەرامبـەریشدا هـەر مۆدێرنە

بوو زەوینەی بۆ وەرگـرتنی هـەڵوێسـتـێکی رەخنەگـرانەی ریشـەیی لە رەگەزپەرستی خۆش کرد.

بەڵام ئاخۆ نهێنی ئەم دوو فاقێتییەی مومارەسە و تیۆریاکانی مۆدێرنە، لە بەرامبەر راسیزمدا لە چیدایە؟

دەکرێت بڵێین سـەرەتا و بەر لە هەرشتێ لە مێژوودایە، مێژووی مۆدێرنە خۆی لە ساتەوەختی دروستبوونییەوە. ئەمرۆ کۆدەنگییەک هەیە کە مێژووی هاتنە ئارای مـۆدێرنە، بە دۆزینـەوەی کـیشـوەری ئـەمـەریکا دیاری دەکـەن. دۆزینـەوەی ئەم کـیـشـوەرە لە سـەرەتاوە پـەیوەست بـوو بە مـومـارەسـە و هـەروەها بە تیـۆریایەکی ئەنسرۆپۆلۆجییـەوە، نیشتـەجێبوونی پیـاوی سـپی (ئیـسـپـانی- پـورتوگـالی) لە قـۆناغی یەکـەمدا و (ئینگلیـزی- ئیـرلەندی) لە قـۆناغی دووەمـدا، لەسـەر زەوینی ئـەو کـیـشـوەرە تازە دۆزرایەوە، هـەر لە سـەرەتاوە بەپاکتـاوکردن و قڕکردنی هـندییە سـوورەکان دەسـتی پێ کرد کـە دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکە بوون.. ئەم پرۆسەی پاکتاوکردنی رەگەزییەش بەو خـەمسـاردی و ویژدانە ئارامـەوە ئەنجام نەدەدرا، گەر پشـتی بەو تیـۆریا ئەتنیکیـیـە نەبەسـتـایە کـە نەک وەک بوونەوەرێکی ئینسـانی، بگـرە وەک ئاژەڵێک سەیری هندییە سوورەکانی دەکرد.

کـاتێک پیـاوی سـپی، دوای پاکتـاوکردنـی دانیـشـتوانی ئەو کیشـوەرە یان شـاربەدەرکـردنیـان پێـویسـتـی بـەدەسـتی کـار هـەبوو بۆ ئاوەدانـکردنەوەی هـەمــــوو ئەو زەویوزارە پـانوپۆڕەی لەوێدا هـەبوو، نـاچـار بـوو روو بـکاتـە کیشوەری ئەفەریقیا و لەوێ ملیـۆنان رەشپێست، بۆ مەبەسـتی کارپێکردن راپێچی ئەمەریکا بکات.

لە سـەردەمێکی تردا مـومـارەسـە کـۆڵۆنیـالیـیـەکـانی پیـاوی سـپی لە ئەفـەریقـای رەشـپێسـتـدا، زیاتر ئەو تیـۆریا رەگـەزپەرسـتـانەی چـەسپاند کـە لەسـەر پێوەری رەنگی پێست راوەستـاوە. کۆڵۆنیالیکردن وەکی کۆیلایەتی و پاکــتــاوکــردنـی ئینسـان نـابێت هـەروا بێ پەردە و بێ هـۆ بێت، چونکە

کۆلۆنیـالیکراویش دواجـار مـرۆڤـە و بەم پێیــەش ئەو کـەسـەی بـەم کـارە هەڵدەستێ، پێویستی بەوەیە پاساوێکی ئەخلاقی بۆ ئەوە بهێنێتەوە. لێرەوە گریمانەی (پەیامی شارستانیی پیاوی سپی)، سەر هەڵدەدات و دێتە ئاراوە.

بەڵام بەو پێیـەی راسـتگۆییی تایبەتی مـۆدێرنە لە زانسـتدایە، وەک چۆن راسـتگۆییی کۆمـەڵگەکانی بەر لە مۆدێرنە لە ئاین یاخۆ لە ئەفسـانەدا بوو، ئەوا بەناچاری دەبوو تیۆریای رەگەزپەرستی بەرگی زانستی بپۆشیایە و لە فۆرمێکی زانسـتیدا خۆی نیشـان بدایە. ئەمـەش ئەو ئەرکەیە کە زاناکانی بواری رەگەزناسی و زمـانناسی و عـەقڵی مرۆڤـایەتی لە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەمەوە، دەیگرنە بەر و پێی هەڵدەستن..

بەو پێیـەی سـەدەی نۆزدەم سـەدەی ناسیـۆنالیزمیش بـوو لە ئەوروپا، بۆیە تیـۆریای رەگەزپەرسـتی دەستبـەرداری ئەوەبوو تەنیا لەسـەر بنەمـای رەنگی پێست جیـاوازی بکات، بگرە جیـاوازیکردنی خـەسـڵـەتێکی ئەتنیکیـانەی وەرگـرت.. ئەمـەش لەو باوەڕەوەی کە مـرۆڤـەکان تـەنیا بەڕەنگی پێسـتیـان لەیەکتر جیا نین، بگرە بە رەگەزیشیان جیاوازن. وەک چۆن هەندێک مرۆڤ هەن ڕەنگی پێـسـتیـان وایان لێ دەکات دابەزنـە ئاسـتێک نزمـتـر لە ئاسـتی ئادەمـیـزاد، بەهەمـان شـێـوەش مـرۆڤگەلێک هەن لـە ڕێی رەگەزیانەوە بەرز دەبنەوە بۆ ئاستێک لە سەروو ئاستی ئینسانەکانی ترەوە.

دەتوانـین بێ دوودڵی ســەدەی نۆزدە بە ســەدەی گــەڕان بە دوای پێــوەر و بەڵگە زانسـتییەکان بۆ سەلماندنی جیـاوازی نێوان رەگەزەکانی ئینسـان ناونـووس بکەین، هـەر لـە بـەڵگـەی تـوێکاری زانـای سـکـۆتلـەندی "رۆبـرت کنوکس"ەوە کە لەسـەر بیرۆکـەی (گـۆشـەی سـەر) دامـەزراوە و جیـاوازی دەکـات لە نێوان تەپڵەسـەری پیـاوی سـپی کە خڕە و ئاسـتی بەرزترە، لەگەڵ تەپڵـەسەری پیاوی رەش کە درێژە و لە دۆخی ئاژەڵییەوە نزیکترە. تا دەگات بەو بەڵگە زمـانـەوانیـیـانەی "ئەرنست رینان" کـە پێی وایە، عـەقـڵی ئاریی نەژادەکان لە سەروو ئەقڵی ئەوانەوەیە کە سامی نەژادن.

ڕەگەزپەرستیی زانستی لەگەڵ نازیزمدا گەیشتە ئەوپەڕی ساتەوەختی شکۆمەندیی خۆی. ئایدیۆلۆجیای نازیزم کە هەر لە بنەڕەتدا لەسەر تێزەی باڵادەستی ڕەگەزی ئاری و لقە ئەڵەمانییەکەی دامەزرابوو، هەوڵێکی زۆری بەخەرجدا بۆ ئەوەی مەرجەعییەتێکی زانستی و یەقینی بۆ وتەزای ڕەگەز بدۆزێتەوە.

لەم پێناوەشدا هەوڵ و توانای زانایان و پسپۆڕانی سەرجەم کایە مەعریفییەکانی وەک: (بواری پزیشکی و بیۆلۆجیا و کیمیا و بۆ ماوەزانی و ئەنسرۆپۆلۆجیا و مێژوو و دیموگرافیا و تەنانەت ئارکیۆلۆجیا)شی خستەگەڕ، بەڵام بەهۆی هەموو ئەو تاوانە دزێوانەی نازیزم لە ژێر پەردەی (ڕەگەز و نەژاد)دا ئەنجامی دا، دەستبەجێ و لەگەڵ ڕووخانی نازیزمدا ئەم وتەزایە هەموو جۆرە ئیعتبار و پێودانگێکی زانستییانەی خۆی لە دەست دا.

ئەم حاڵەتەش بەر لەوە ڕووی دا کە دامەزراوە زانستییە نێودەوڵەتییەکان و لیژنەکانی ڕێکخراوی یۆنسکۆ، دەست بخەنە ناو ئەم بوارەوە. یۆنسکۆ لای خۆیەوە هەڵمەتێکی جیهانی دەست پێ کرد بۆ لابردنی ئایدیای ڕەگەزی مرۆڤایەتی، بەڵام دوا قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە دەبوو زانست خۆی بیکات.. ئەوەبوو زانستی جینە بۆ ماوەییەکان زانستێک کە بە هۆی مایکرۆسکۆبە ئەلکترۆنییەکانەوە لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا گەشەیەکی گەورەی کرد، گەیشتە ئەوەی بوونی هەر جۆرە جیاوازییەکی جینی لە نێوان ڕەگەزەکاندا ڕەت بکاتەوە. ئەو ماوە جینییەی لە نێوان ئەندامانی یەک ڕەگەزدا هەیە، گەورەترە لەوەی لە نێوان ڕەگەزە جیاجیاکاندا هەیە.

بەڵام هەرەسی ڕەگەزپەرستی زانستی لە سەرووبەندی جەنگی دووەمی جیهانیدا، نەبووە مایەی ئەوەی ڕێ لە هاتنە ئارای فۆرمێکی تازەی ڕاسیزم بگرێت لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا و ئەو ڕاسیزمە نوێیەش ڕاسیزمێکی کولتووری بوو.

ساڵی ١٩٦٨ لە شاری بیرمینگهام کە مەڵبەندی پیشەسازی وڵاتی

ئینگلستانە، "ئینۆخ پاوڵ"ی ئەندامی پارتی پارێزگاران وتارێکی مێژوویی دا. لەو وتارەدا پێشبینی ئەوەی کرد لە بەریتانیادا لافاوی خوێن هەڵبستێت، ئەگەر بێتو بەو شێوەیەی ئێستا سیاسەتی کۆچکردن بەردەوام بێت و کار بەو یاسایانەش بکرێت (کە بەقسەی ئەو) پەیڕەوی سیاسەتی ئاپارتاید دەکات، لە بەرژەوەندی بەریتانیایە رەشپێستەکان دژ بە سپیپێستەکانی ئەو وڵاتە.

ئاشکرایە ئەو (راسیزمە نوێ)یەی توێژەری سیاسی بەریتانی "مارتن پارکەر" ناوی لێنا لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا کە ساڵی ١٩٨١ و بەو ناونیشانەوە بڵاوی کردەوە، پێوەستە بە پەرەسەندنی دیاردەی کۆچکردن بەرەو کۆمەڵگەکانی ئەوروپای رۆژئاوا. ئەوەی ئەم راسیزمە نوێیە لە راسیزمی پێشووتر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە ئەو گوتارەی لە دژی کۆچبەران لە ئارادایە لە ئاستی بەکەم سەیرکردنێکی بایەلۆجییەوە دەگوازێتەوە بۆ ئاستی جیاوازیی کولتووری.

ئەم گوتارە (واتە گوتاری راسیزمی کولتووری)، وەک ئەوەی راستە توندڕۆکانی ئینگلستان و فرەنسا و ئەڵەمانیا و هۆڵەندا و بەلجیکا و ئیتاڵیا کاری پێ دەکەن- شەرعییەتی خۆی لە جیاوازی نێوان رەگەزەکان یان تایبەتمەندیی ئەو کەموکوڕییە سروشتییانەی هەر گرووپە و بەجیا هەڵگریەتی بە دەست ناهێنێت، بگرە ئەوەی لەسەری رادەوەستێت جیاوازییە لە کولتوور و زمان و ئاین و داوونەریتدا. ئەمانە پێیان وایە یەکگرتوویی و یەکانگیری نەتەوایەتی کۆمەڵگەکانی ئەوروپای رۆژئاوا، لەبەردەم هەڕەشەی لێکترازان و لەبەریەک هەڵوەشاندایە، لە پای ئەو لێشاوی کۆچەی لە وڵاتانی کۆمەنوێلس و وڵاتە کۆلۆنیالیکراوەکانی پێشووەوە درێژەی هەیە.

بەبۆچوونی ئەم گوتارە، کولتوور جێگەی سروشت دەگرێتەوە و وەکی ئەو بەنەگۆڕی دەمێنێتەوە و ئەگەری تێکەڵبوونی لەگەڵ کولتوورێکی تردا بە شتێکی نەشیاو دەزانێ. کەواتە راسیزمی کولتووری، راسیزمێکی

جیاوازیخوازە. ئەم گوتارە لەو رووەوە ئەوی تر رەت دەکاتەوە و قبوولّی نییە کە سەر بەکولتوورێکی جیاوازە و هەر کولتوورەش، جەوهەرێکی نەگۆڕی خۆی هەیە و هەماهەنگییان لە نێواندا دروست نابێت. ئەوەی لەم مەسەلەیەدا جێی سەرنجە ئەوەیە ئەو بەڵگە نەویستەی راسیزمی کولتووری لێیەوە دەست پێ دەکات، هەمان ئەو بەڵگە نەویستەیە کە بزاوتە فێندەمێنتالستەکانی ئەمڕۆ بڕوایان پێیەتی.

لای هەریەک لە فێندەمێنتالستەکان و راسیزمە نوێیەکان، کولتوور ئەو دوا راستییەیە کە تێپەڕاندنی مەحاڵە. لێرەوە وتەزای جیاوازبوون دەگاتە ئاستی بەخۆدا چەمانەوە و داخرانێکی رەها بەسەر خوددا، بە رادەیەک هەموو ئەوانە رەت دەکاتەوە کە سەربە کولتوورێکی تر و ئاین و ترادسیۆنێکی ترن.

لە بەرامبەر ئەم داخرانە بەسەر خوددا، ئیتر لەلایەن راسیزمەکانەوە بێت یان فێندەمێنتالستەکان، مۆدێرنە پێشنیازی ئایدیای مرۆڤ دەکات وەک بوونەوەرێکی گەردوونی. مرۆڤ لە هەرجێیەک بێت و سەر بە هەر کولتوورێک بێت، چۆن یەکە لەگەڵ ئەوانی تردا و پێویستە هەمان مافەکانی ئەوانی هەبێت.

ئەم لۆجیکە یۆنڤێرسالی و یەکسانیخوازە، شفاعەت بۆ هەڵە مێژوووییەکانی مۆدێرنە دەکات و چاوپۆشییان لێ دەکات. راستە لە سایەی مۆدێرنەدا جۆران بزاوتی رەگەزپەرستی پەرگیر پەرەیان سەند و هاتنە ئارا، بەڵام هاوکات ئەوەش راستە بەبێ لۆجیکی مرۆڤی گەردوونی کە مۆدێرنە رەواجی پێ دا و هێنایە ئارا، هیچ بەهانەیەکی لۆجیکی شک نابەین بۆ بەرگرتن بە راسیزم و بەرەنگاربوونەوەی.. کەسێک کە بڕوای بە جیاوازی ریشەیی لە نێوان مرۆڤدا هەبێت، چۆن دەتوانێت بەگژ راسیزمدا بچێتەوە؟ لە کاتێکدا تەنیا کاری راسیزم ئەوەیە ئەم قەناعەتە لەسەر زەمینەی واقیع پراکتیزە بکات.

تۆلێرانس

له نووسینی ئەم کتێبەدا:

(francoise barret- duc roq ed. L, lnto lerance. Grasset, paris. 1998. 297 pages)

پەنجا نووسەری جیهانی بەشدار بوون- پێنج لەوانە عەرەبن-. تەوەری سەرەکیی کتێبەکەش قسەکردنە لەسەر چەمکی (لێکبووردن). بێگومان ئەم چەمکە بەرهەمی قۆناغی مۆدێرنەیە و ئەو پەنجا رۆشنبیرەشی لێرەدا تاوتوێی ئەم چەمکەیان کردووە، لە رووی (مێژوویی و فەلسەفی و تیۆلۆجییەوە) کەوتوونەتە باسکردنی. ئەویش بەگەڕانەوە بۆ سەرجەم کولتوورەکانی دنیای کۆن و ناوەڕاست و بەتایبەت دنیای تازە، تەبان لەسەر ئەوەی ئەم چەمکە بەرهەمی سەردەمی مۆدێرنەیە.

ئەقڵی مۆدێرن بە ئاقارە لیبراڵیی و پلورالیزمییەکەیەوە و بە پێچەوانەی ئەقڵی دۆگمایی و تاک رەهەندی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، توانی ئەم چەمکە بگەیەنێتە ئاستی فۆرمەلەکردنێکی تیۆری، ئەویش لە ڕێگەی (پەیامێک لەبارەی لێکبووردن) کە ساڵی ١٦٨٩ "جۆن لۆک"ی فەیلەسووفی ئینگلیزی بڵاوی کردەوە. "لۆک" لەو کتێبەدا داوای مافی بۆ تەواوی ئاینزا و دەستە و تاقمەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئینگلیزی دەکرد، هەر لە پرۆتستانتەکانەوە بۆ کاتۆلیکییەکان و بەبێ ئافەرۆزکردن و وەلاخستنی (بتپەرست و موسڵمان و جوولەکە). ئەمەش لەسەر بنەمای لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە دەسەڵاتی کڵێسا.

بەڵام کاتێک دەڵێین چەمکی (لێکبووردن) چەمکێکی مۆدێرنە، ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ نەفی ئەوە بکەین کە ئەم چەمکە چ وەک هەڵوێست و چ وەک رەفتار، پێشینەیەکی دێرینتری نییە. شارستانییەتە کۆنەکان سەرەڕای تاک

ڕەوییـان، لە هەڵوێسـتی کـرانەوە بەسـەر پلورالیزمـدا خـاڵی نین ئەگـەرچی نموونەشیان کەم و دەگمەنە.

ئەوەتا لە شـارسـتانییـەتی یۆنانیدا ئاقـاری سۆفیسـتـەکان دێنە ئارا و دژ بەو دابەشکردنە ئیتنۆ- سـەنتـەریزمـە دەوەسـتنەوە کە دنیـای کـۆنی بەسـەر گریکی و بەربەرییـەکاندا دابەش کردبوو. ئەوەتا "ئەنتیفۆن" دەڵێت: (تەواوی مرۆڤایەتی بە ئازادی دێنە دنیا، ئیتر ئەگەر یۆنانی یاخۆ بەربەری بن).

لە شارستانییەتی هیلینییەکان و پاشان ڕۆمانییەکاندا، ڕواقییەکان دێنە ئارا ئەمـانـە کـەم تا زۆر ڕەچەڵەکـیـان دەگـەڕێتـەوە سـەر ناوچـەکـانی بەری ڕۆهـەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست. ڕواقـیـیەکان خـۆیان بە هـاووڵاتی هـەمـوو گـەردوون و برای تەواوی مـرۆڤـایەتی دەزانی، تەنانەت ئەوانەشی کـە کـۆیلە و ژێردەستە بوون.

لەناو شـارسـتـانـیـیـەتی ئیسـلامـیـشـدا دیارترین ئەو کـەسـانەی داوای لێکبـووردن و کـرانەوەیان بە ڕووی ئەوی تردا دەکـرد، فـەیلەسـووفـان و عـارفەکـان بوون. ئاقـاری فـەلسـەفەی ناوە دیـار و مەزنەکـانی وەک "کـەندی و فـارابی و ئیبن ڕوشد" نوێنـەرایەتییـان دەکرد. هـاوکات "اخـوان الصفـاء"یش لە نووسین و پەیامـەکـانیـاندا داوایان لە دۆست و برایانیـان دەکرد، دژایەتی هیچ زانسـتێک لە زانسـتەکان نەکەن و سووکایەتی بەهیچ کتێبێک نەکەن و ڕق و کینەش لە هیچ ئاینزایەک هەڵنەگرن، لەبەرئـەوەی هـەقیـقـەت هـەرچـەندە دەرکـەوتـنەکـانی جـیـاواز و جـۆراوجـۆر بێت، بەڵام دواجـار هـەر هـەمـووی دەگەڕێتەوە بۆ یەک پرەنسیپ و دەگەڕێتەوە سەریەک جیهان).

هـەرچی ئاقـاری سـۆفـیگـەریی کـراوەشـە، ئەوا دیـارترین کـاراکـتـەری "مـەنسـووری حەللاج و محـێدین ئیبن عـەرەبی" بوون. سـەبارەت بە "حـەللاج" سـەربووردەیەکی بەناوبانگی لێ دەگێڕنەوە و دەڵێن: ڕۆژێک سەردانی یەکێک لە خوێندکارەکانی خۆی دەکات بەناوی "عەبدوڵڵای کوڕی تاهیری ئەزەدی" و

دەبینێت لە بازاڕێکی شاری بەغدا، لەگەڵ پیاوێکی جوولەکەدا بەشەڕ هاتووە و جنێوی پێ دەدات.

"حەللاج" بە تووڕەییەکی زۆرەوە سەیرێکی "عەبدوڵلا" دەکات و پێی دەڵێت: (جنێوی پێ مەدە، چونکە عاقیبەت ئەو جنێوانە بەر خۆت دەکەون. ئاینەکان هەر هەموویان ئاینی خوای پەروەردگارن. کوڕی خۆم چاک بزانە یەهوودییەت و مەسیحییەت و ئیسلام و ئاینەکانی تریش ناو و نازناوی جیاجیان، بەڵام لە جەوهەردا یەک شتن و لێک جیاواز نین). هەر بەهەمان نەفەس "ئیبن عەرەبی" هەندێک لە جوانترین شیعری خۆی دەچڕێت و دەڵێت:

دڵی من بۆتە هەڵگری هەموو وێنەیەک
مێرگی ئاسکەکان و کڵێسای رەبەن
خانووی بتەکان و کەعبەی تایف
لەوحەکانی تەورات و قورئان
ئیمان بە ئاینی خۆشەویستی دێنم،
رووی خۆی لەهەر جێگەیەک بکات
چونکە خۆشەویستی ئاین و ئیمانی منە.

لە راستیدا لەگەڵ دەرکەوتن و هاتنەئارای ئاینە یەکتاپەرستییەکاندا، (لێکبووردن و دەمارگیری) دەبنە برېڕەی پشتی مەسەلەی ئاینی. ئاینە یەکتاپەرستییەکان لە قۆناغی دروستبوون و سەر پێکەوتنیاندا دووچاری چەوساندنەوە هاتن، بەڵام دەوڵەتی سیاسی ئەو ئاینانە کە دادەمەزرێن، دواتر خۆیان بوونە سەرچاوەیەک بۆ چەوساندنەوە.

پێشووتر و بەر لەم قۆناغە کەمینە ئاینییەکان بوونیان نەبوو، چونکە لە کۆڕی خواکاندا (بانپیون) جێگەی هەمووان دەبووەوە. بەڵام لەو کاتەوەی دەزگای دەوڵەت و ئاین لە دەسەڵاتێکدا یەکیان گرت و کۆ بوونەوە، هەڵوێستی ئەم دەسەڵاتە لە کەمینە ئاینییەکان بووە پێوەندێکی سەرەکی بۆ

لێکبووردن یاخۆ بۆ دەمارگیری. ئەڵبەتە مەبەست لە کەمینە ئاینییەکان بەتەنیا کەمایەتی ئاینەکانی تر نییە، بگرە هاوکات مەبەست لێی ئاینزاکانی ناو یەک ئاینیشە. مێژووی پرۆتستانییەت نموونەیەکمان لەسەر ئەم دیالەکتیکی (لێکبووردن و دەمارگیرییە) بەردەست دەخات، لە چوارچێوەی تەنیا ئاینێکدا کە ئاینی مەسیحییە.

ئەوکاتەی پرۆتستانییەت لەسەر دەستی "مارتن لوتەر"و لەنیوەی یەکەمی سەدەی شازدەدا هاتەئارا، نموونەی ئاینێکی سنگ فراوان و دوور لە دەسەڵاتخوازی بوو. ئامانجی سەرەکی پرۆتستانییەت ئەوەبوو، کۆتایی بە هەژموونی کڵێسای کاتۆلیکی بەسەر دەقە پیرۆزەکاندا بهێنێ و ئازادی لێکدانەوەی دەقە پیرۆزەکان، بەمافی هەموو بڕوادارێک بزانێت و دەستکراوەیان بکات لەو پرۆسەیەدا.

دەستەی یەکەمی پرۆتستانت مەزهەبەکان، بەدەست دەسەڵاتی دنیای باباکانەوە دوچاری چەوساندنەوەیەکی زۆر هاتن. بەو پێیەشی ژمارەیەکی زۆریان پەنایان بردە بەر هۆڵەندا، ئەوا (هەرێمە یەکگرتووەکانی) کالڤینییەت- هۆڵەندا لەو سەردەمەدا بەم ناوە ناسرابوو- ، بووە نموونەی دەوڵەتێکی بچووک و لیبراڵی.

بەڵام هێندەی نەبرد کالڤینە هۆڵەندییەکان سەربەخۆیی سیاسیی خۆیان بەدەست هێنا و کەوتنە مومارەسەکردنی مافی تیۆلۆجی خۆیان، بۆ بە ئازادی لێکدانەوەی کتێبە پیرۆزەکان (تەورات و ئینجیل). ئیتر ئەم لێکدانەوەی خۆیانیان بە تاکە لێکدانەوەی راست و دروست دایە قەڵەم، بەمەش ئسوولییەتێکیان هێنایە جیگای ئسوولییەتێکی تر و لە ڕێی تاک رەهەندییەوە، دەستبەرداری فرەیی و پلورالیزم بوون. هاوکات دەستیان کرد بە قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی هەموو بیرو بۆچوونێک کە لەگەڵ لێکدانەوەی ئەوان بۆ کتێبی پیرۆز ناکۆک و ناتەبا بوایە.

بەم جـۆرە ڕێگەیان لە خـوێندنی ئاقـاری گەردووننـاسـی "کۆپـەر نیکۆس و گـالیلۆ" گـرت، لەبەرئەوەی لەگـەڵ (تەورات)دا ناکـۆک بوو. پاشـان دواترو تا ئێسـتـاش ئەم حـاڵەتە هـەر بەردەوامـە ڕێگەیان گـرت لەوەی تیـۆرەی "داروین" سـەبارەت بە دروستبوون و پەرەسـەندن بخـوێندرێت، لەبەرئەوەی لەگەڵ دیدگا تەوراتی و ئینجیلییـەکەدا لەبارەی دروسـتکردنی مـرۆڤـەوە جیاواز و ناکۆک بوو.

هـەر بۆیە ئەدیبێکی وەک "ئەمبرتۆ ئیکۆ" دوودڵ نییە لەوەی فەندەمـێنتالیزم ئیـتر سـەر بەهـەر ئاینێک بێت، بـە سـەرچاوەی سـەرەکی دەمـارگیـری بداتە قەڵەم لـە سـەردەمی نوێدا. لای "ئیکۆ" فـەندەمێنتـالیزم بریتییە لە ئاقـارێک لە تەفـسـیـر، بەڵام ئـەو تەفـسـیـرەی تەنیـا خـۆی بەڕاست دەزانێت و تەواوی تەفسـیر و لێکدانەوەکانی تریش بەهەڵە لە قـەڵـەم دەدات. زۆریش نابات ئەم تیۆلۆجیا تاک تەفسیرییە دەبێتە خاوەنی مست و بازوویەکی ئاسنین، کاتێک دەسـەڵاتێکی سیاسی دەیکاتە عـەقیدەی ڕەسـمیی دەوڵەت و بەزەبری هێز، وەکـی نموونـەیەکی باڵا بۆ یاسـادانـان و ژیانی سـیـاسی لـە دەوڵەتێکی دیاریکراودا دەیسەپێنێ .

بەم پێیـە نابێت دیاردەی دەمـارگیری و توندڕۆیی تەنیـا وەک دیاردەیەکی ئاینیی پـەتی سـەیر بکرێت، چونکە هـەر سیسـتـەمێکی سیاسـیی تیـۆلۆجی بووە خـاوەنی هـەر عـەقـیـدە و ئایدیۆلۆجـیـایەک و هەوڵی دا بـە زەبری هێـز بیـسـەپێنـێ و ڕێگە نـەدات بە هـاووڵاتیـانی جگە لەو ئـایدیۆلۆجـیـایە هیـچ شـتـێکی تر هـەڵبژێرن، ئەوا ئـەو سـیـسـتـەمـە سـیـسـتـەمێکی دەمـارگیـر و توندڕۆیە.

ئەمەش خەسڵەتی سیستەمی سۆڤیەتی و بەرلەویش خەسڵەتی سیستەمی نازیزم بوو لە ئەڵمـانیا، لە ئێسـتاشدا خـەسڵەتی تەواوی بزاوتە سـیـاسـییـە فێندەمـێنتالیسـتـە هاوچەرخەکانە. ئیـتر ئەو بزاوتانە ناوی ئاینییـان لەخۆیان

نابێت وەکی فـێندەمـێنتـالیـسـتـی ئیـسـلامی یاخـۆ هیندۆسی یان بەناوی ئایدیۆلۆجییـەوە کار بکەن، وەکی حزبی نازییە نوێیەکانی ئەڵمانیا یان پارتە راستڕەوە توندڕۆیەکان لە فرەنسا و ئینگلتەرا و ئیتاڵیادا.

لە بەرامـبەر وەها هـەلومەرجێکدا ئەوا چەمکی "لێکبووردن" لە دیدگایەکی ئیجرائییەوە، بەکەڵک و پێویست نییە. بگرە هـەندێک رۆشـنبیر رای دەگەیەنن کـە چەمکـی (لێکبـووردن) رەت دەکــەنەوە، لەبەرئـەوەی بەبڕوای ئـەوان ئەم چەمکە تەعبیر لە بارودۆخێکی ناهاوسەنگ و نایەکسان دەکات یان تەنانەت تەعـبـیـر لە دۆخـێکی دۆنیـیـەت دەکـات، چـونکە (لێکبـووردن) جـۆرێکە لە چاوپۆشی لێکردن. بەم جۆرە تەنیا ئەوانە چاوپۆشی دەکەن کە لەسـەرەوەن و لەوێوە لەوانە دەڕوانن کە لە خـوار خـۆیانەوەن. ئەمـەش جـۆرێکە لە خـۆ بەزل زانی و منەت بەسـەرداکردن.

رەنگە ئەم چەمکە کـەم تا زۆر پەسـەندکراو و پێـویست بێت بـۆ لێکگەیشـتن و مامـەڵەکردن لەگەڵ یەکتـردا، بەتایبەت لەو کـۆمەڵگەیانەدا کـە ئاشنا نین بە یەکسـانی دیموکراسـی و کاروبارەکانی خـۆیان بەپێی وتەزای هـاووڵاتیـبـوون نابەن بەڕێوە. ئەم وتەزایەش بریتـییە لە ئـیلتزامـێکی سـەرەکی و دەسـتووری بۆ بە یەکچاو سـەیرکردنی سـەرجەم هـاووڵاتییان لەبەردەم یاسـادا، ئیتر سـەر بە هـەر ئاین و رەگـەزێک بن و پێسـتـیـان هـەر رەنگێک بێت. ئەم یەکسانییەی هـاووڵاتیـانیش تەنیـا رێگایـەکە بۆ پێکەوە هـەڵکردن لە چوارچێوەی کـۆمـەڵگە مۆدێرنەکاندا، ئەو کۆمەڵگەیانەی لـە ئێستادا نە بەتاک رەهـەندی ماونەتەوە و نە لەسـەر پلەبەندی چینایەتی یاخۆ خێڵەکییانەش دامەزراون.

گـروهێکـی تری رۆشـنـبـیـران پێـیــان وایە مــەرجی یەکـسـانـی لە ڕووی یاسـاییـیـەوە بەتەنیـا بەس نییە بۆ ئـەوەی کۆمـەڵگەیەکی (لێکبووردوو) بێتـە ئارا، بگرە بوونی یەکسـانی لە رووی یاسـاییـیـەوە پێـویسـتـی بـەوە هـەیە لە هـەمــان کــاتدا دەرگـیــری بێــلایـەنی دەوڵەت بێت، لە بـواری عــەقـیــدەدا و

دەسەڵاتی سیاسی دەست لەوە بکێشێتەوە دواوە کە هیچ گوشارێک لەسەر ئازادی بیر و ڕا دروست بکات.

بێلایەنی ئاینیی دەوڵەت مەرجێکی سەرەکی (لێکبووردن)ە. ئەو نموونەیەی "ئارڤن کوتلەر"ی مامۆستای زانکۆی کەنەدی لەم بارەیەوە دەیهێنێتەوە جێی سەرنجە، ئەویش نموونەی وڵاتی نەرویجە. وەک دەزانرێت ئەم دەوڵەتە بچووکە یەکێکە لە کۆنترین سیستەمە دیموکراسییەکانی ئەوروپا، لەگەڵ ئەوەشدا سیستەمی سیاسی لەو وڵاتەدا وەکی پێویست نەبووەتە دەسەڵاتێکی عەلمانی. ئەوەتا دەستووری نەرویج پێ لەسەر ئەوەدا دەگرێت کە دەبێ لە (٥٠٪)، واتە نیوەی ئەندامانی حکوومەت سەربە کڵێسای لۆثەری بن.

سەرەڕای ئەو گرنتییە گەورانەی دەستووری نەرویجی لە روانگەی مافەکانی مرۆڤەوە پێشکێش بە هاووڵاتیانی دەکات، بەڵام بەم دواییانە پەرلەمانی نەرویجی یاسایەکی دارشت و بەپێی ئەو یاسایە بواری خوێندنی گشتی دەکرێتە (مەسیحی). بە بیانووی ئەوەی مەسیحییەتی قوتابخانە لە کۆمەڵگەیەکدا کە زۆربەی زۆری مەسیحین، تەنیا ئامرازێکە بۆ برەودان بە بیرۆکەی (هاوچارەنووسی) و پێکەوە گرێدانی زیاتری هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە، تا هەست بکەن نەرویج نیشتمانی هاوبەشی تەواوی هەموویانە بەبێ جیاوازی.

بەم جۆرە دەستووری نەرویجی چەمکی رۆشنبیریی زۆرینەی تێکەڵ بە چەمکی هاووڵاتی هاوبەش کردووە، بەمەش پێشێلی بڕیاری دادگەی ئەوروپایی بۆ مافەکانی مرۆڤ کردووە. ئەو بڕیارەی ساڵی ١٩٧٦ دەرچوو، تەئکید لەوە دەکاتەوە دەوڵەت بۆی نییە لە رووی مەزهەبییەوە دەخالەت بکات بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر بیرو باوەڕی ئاینی دروست بکات، بگرە ئەرکی دەوڵەت ئەوەیە بوار لەبەردەم جیاوازی و ئازادی بیر و ڕای ئاینی و

فەلسەفی لە کایەی پەروەردەی گشتیدا بکاتەوە و ئەو فەزایە بپارێزێت.

رەنگە دواقسە بۆ فەیلەسووفی فرەنسی "پۆڵ ریکۆر"بێت. ئەگەرچی ئەم بیرمەندە (بڕوادارە) بیرو بۆچونەکانی لە کۆمەڵێک قەناعەتی مەسیحییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام بە ئاشکرا باس لەوە دەکات یەکەمین سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی دەمارگیری لە دنیای هاوچەرخدا، لەوەوەیە کە هەندێک دەوڵەت لە بواری بیرو باوەڕی ئاینیدا لایەنگیری ئەوە دەکەن تا ئیمان بەسەر هاوولاتییاندا بسەپێنن، ئەمەش بەتایبەتی لە چوارچێوەی مەشرووعییەتی دەوڵەتدا پەیڕەو دەکرێت. ئەوەی پێویستە ئەوەیە، دەسەڵاتی سیاسی لەم مەسەلەیەدا بێلایەن بێت. ئەم بێلایەنییەی تەنانەت بۆ بیرو باوەڕی ئاینیش کارێکی ئیجابییە، چونکە پێویستە ئەو ئیمان و بڕوایە لە ناخی مرۆڤەوە بێتە دەرێ و لەوێوە هەڵبقوڵێت، نەک بەزۆر بسەپێنرێ و پێوەست بێت بە دەسەڵاتێکی دەرەکییەوە.

"ریمۆن ئارۆن"و
پرسی دیموکراسی

زۆرجــار بڵاوکــردنەوەی بەرهەمـی نووســەرێک لە پاش مــردنی، دەبێــتــە دەرفـەتێک بۆ ئەوەی ئەو نووسـەرە سـەرلەنوێ بێـتـەوە ئارا و ناوی بکەوێتە ناو ناوان، بە تایبەت ئەگەر هاتوو لە ماوەی ژیانیدا تەریک کرابێت.. "ریمۆن ئارۆن" یەکێکە لەوانەی نەوەی ئێمە پێوەندی لەگەڵ دابڕیبوو، چونکە ئێمە پێـمـان وابوو ئەو نوێنەری فـیکری (راسـتـڕەوەکـان)ەو بەم پێـیـەش هەمـوو راستگۆییـیـەکی زانستی و فەلسەفیمان لەبەر داماڵیبوو. لە بەرامبەر ئەمەدا هەمـوو دەنگی خـۆمـان دابوو بە "ژان پۆڵ سـارتەر" کە گەورەترین رکابەری "ئارۆن" و نوێنەری نموونەیی فیکری (چەپ) بوو لەو کاتەدا.

بەڵام ئەمـڕۆ دوای ئەوەی هەردوو وتـەزای (چەپ) و (راست) برێکی زۆری باقوبریقی خۆیان لەدەست دا، "ریمۆن ئارۆن" بەو پێیـەی یەکێکە لە نوێنەرە مەزنەکانی ئەنتلجنسیای فرەنسی لە ماوەی پاش جەنگی دووەمی جیهانیدا، سـەرلەنوێ دێتەوە ناوناوان و باسی لێ دەکرێت.

ئەگەرچی یەکەمین کتێبی "ئارۆن" کە لە سـاڵی ١٩٣٨دا بڵاوی کردووەتەوە بەناوی (سـەرەتایەک بۆ فـەلسـەفەی مـێژوو)ەوەیە، ئەوا ئەم کـتێبـەی تری کە پاش چوارده سـاڵ لە مردنی خۆی بڵاو دەکرێتـەوە، دەیەوێت ناونیـشـانەکەی (سـەرەتایەک بۆ فـەلسـەفـەی سیاسی) بێت و تاکە بابەتی سـەرەکیشی بریتی بێت لە (دیموکراسی)، دیموکراسی بەگێڕانەوەی بۆلای خـۆی لەلایەک و بە پێوەندیشی بە شۆڕشەوە لەلایەکی ترەوە.

هۆکاری سـەرەکی سـەرکەوتوویی "ریمۆن ئارۆن"یش ئالێرەدایە. ئەو تا لە ژیـاندا مـــابـوو، ئـایدیـای (شـــۆڕش) بە مـــاوەیـەکی زۆر لە پێش ئـایدیـای (دیموکراسـی)یەوە بوو، بەڵام سـاڵی ١٩٨٣ و لەگەڵ مردنـیدا پێودانگەکان

سەرلەبەر گۆڕان. لە کاتێکدا (شۆڕش) بوو بەهاوتای نشوستی و نائومێدی، (دیموکراسی) وەکی بووکێک بە هەموو فەزیلەتەکانی سیاسەت خۆی رازاندەوە. بابەتی ئەم کتێبە چەند لێکچەرێکە، "ئارۆن" ساڵی ١٩٥٤ لە (قوتابخانەی نەتەوەیی بۆ بەڕێوەبردن) پێشکێشی کردووە. ئەم مەڵبەندە بەرزترین پەیمانگایەکە لە فرەنسادا بۆ پێگەیاندنی سیاسەتمەداران لەو وڵاتەدا.

لەم لێکچەرانەیدا "ئارۆن" لە موفارەقەیەکەوە دەست پێ دەکات کە ئاراستەی تەواوی هەڵوێستی ئەو دیاری دەکات. ئەو مەسەلەیەی ئەو داکۆکی لێ دەکرد (واتە مەسەلەی دیموکراسی)، ئەو کات لەوپەڕی لاوازی و لەرزۆکیدابوو. هەر بۆیە دەیویست داکۆکیکردنەکەی لە ڕووی زانستی و ئەبستمۆلۆجییەوە زۆر تۆکمە و پتەو بێت، ئەمەش لەبەرئەوەی "ئارۆن" رقی لە ئایدیۆلۆجیا دەبووەوە و پێی وابوو (ئەفیوونی رۆشنبیران)ە.

لێرەوە "ئارۆن" لە تەواوی ئەو سیازدە لێکچەرەیدا، سوور بوو لەسەر ئەوەی پێناسەیەکی ئیجرائی پەتی دیموکراسی بکات و خۆی لەوە لابدات هیچ جۆرە هەرایەکی ئایدیۆلۆجی بنێتەوە. بەتایبەتی کە لە سەرەتای پەنجاکاندا و لە ناوەندی رۆشنبیری فرەنسیدا، شەڕێکی گەورە لەسەر ئەم چەمکە دروست بووبوو.

"ئارۆن" پێی وایە هەر پێناسەکردنێکی ئایدیۆلۆجی (دیموکراسی)، لە باریدایە هەرایەک بنێتەوە و دووبەرەکی بخاتەوە. بۆ نموونە پێناسەکردنی (دیموکراسی) بەوەی برێتییە لە (سەروەری گەل)، دەچێتە چوارچێوەی پێناسەکردنی دوو چەمکی ئاڵۆز کە هەریەکەیان پێویستی بە پێناسەکردن هەیە. ئەو دوو چەمکەش برێتین لە (گەل) و (سەروەری).

بۆیە لە ڕووی زانستی و لۆجیکییەوە چاکتر وایە، (دیموکراسی) بە داوودەزگا نەک بە بیرو بۆچوون پێناسە بکەین. بە کورتییەکەی

دیموکراسیی (سۆسیۆلۆجییانە نەوەک ئایدیۆلۆجییانە)، بریتییە لە ململانێیەکی هێمن و شێلگیرانە لەسەر دەسەلآت. لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا و لەو کاتەوەی کۆمەڵگە و دەسەلآت هاتوونەتە ئاراوە، کەسانێک هەن مومارەسەی دەسەلآت دەکەن. ئەو مۆرکە تایبەتییەشی داوودەزگای (دیموکراسی) پێ دەناسرێتەوە، ئەوەیە کە مومارەسەکردنی دەسەلآت لەسەر بنەمای ململانێ و کێبڕکێی مەدەنییانە ڕێک دەخات.

بێ ئەوەی لەم پرۆسەیەدا بگەڕێتەوە سەر رەگەز و رەچەڵەک (وەکی لە کۆمەڵگە ئۆرستۆکراتییەکاندا هەیە)، یاخۆ پشت بە زەبر و هێز ببەستێت (وەک لە کۆمەڵگە میلیتاری و ئەو کۆمەڵگەیانەدا لە ئارادایە کە لەسەر شەڕ و پەلاماردان دروست بوون)، یان بگەڕێتەوە سەر باوەڕ و عەقیدە (وەکی ئەوەی لە کۆمەڵگە ئاینییە کۆنەکان و کۆمەڵگە ئایدیۆلۆجییە تازەکاندا لە ئارادایە).

جگە لەو تیروپشکەی لە دیموکراسییەتی ڕاستەوخۆی ئەسینادا پەیڕەو دەکراو رەنگە لە کاتی پەیڕەوکردنیدا سەرلەبەر رۆڵی کەسایەتی و بەهرە و لێوەشاوەیی وەلاوە نابێت، ئەوا لە دیموکراسییەتی ناڕاستەوخۆ (نوێنەرایەتیکردن)دا، هەڵبژاردن تاکە پرەنسیپێکی ئەو گەمە مەدەنییەیە. بۆ ئەوەی کێبڕکێکە بەردەوام بێت و گەمەکە بەکراوەیی بمێنێتەوە نابێت هیچ هەڵبژاردنێک بە دوا هەڵبژاردن بزانرێت. هەر گەمەیەکیش گەر ڕێزی یاسا و ڕێساکانی نەگیرێت، لە یاری دەردەچێت و کۆتایی پێ دێت. جا بۆ ئەوەی گەمەکە بەردەوام بێت و درێژەی هەبێت، پێویستە قەناعەتێکی والآی دەستە و تاقمە سیاسییەکانی دەرەوەی دەسەلآت دروست بێت کە ئەوان هەموو هەلێکیان لەدەست نەداوە بۆ ئەوەی رۆژێک لە رۆژان بگەنە دەسەلآت.

تاکە ئەزموونێکی مێژوویی هەبێت کە تاقمێکی سیاسی دیاریکراو دوای سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردندا و دوای خۆیان ڕێگەیان لە هاتنە سەرکاری

هێزێکی سیاسی تر گرتبێت، ئەزموونی نازییەکانی ئەڵەمانیایە. لەپای ئەم ئەزموونەشدا گەلی ئەڵەمانیا و تەواوی گەلانی دنیا باجێکی زۆر و زەوەندیان دا.

ئەوەی راستی بێت ئەمەش بەردەوام خاڵی لاوازی (دیموکراسی)یە، چونکە (دیموکراسی) ئەوکاتە دەتوانێت بەردەوام بێت کە هەموو لایەنەکان پێکەوە یاسای گەمەکەیان قبووڵ بێت. بەڵام دیموکراسی (لانی کەمی لە رووی تیۆرییەوە)، ناتوانێت ئەو حزب و لایەنانە لە مافی هەڵبژاردن بێبەش بکات کە دەیانەوێت دەستوور و رێسای گەمەکە بگۆڕن.

دیموکراسی رۆژئاوا لەگەڵ پارتە کۆمۆنستەکان و چەپە رادیکاڵەکاندا رووبەرووی تەڵەزگەیەکی لەم جۆرە بووەوە، چونکە ئەوانە دەیان ویست بە مەبەستی دەستکاریکردنی مەرجەکانی گەمەی دیموکراسی و تەنانەت سڕینەوەشی، بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن. ئەمڕۆکەش لەگەڵ پارتە راستڕەوە پەرگیرەکانی رۆژئاوادا رووبەرووی هەمان کێشە بووەتەوە. ئەو پارتانە دەیانەوێت ئەزموونی فاشیزم لە ئەوروپادا دووبارە بکەنەوە و مافی هەڵبژاردن قۆرغ کەن بۆ کەمایەتییەکی دیاریکراوی وەک سپیپێستەکان لەو کۆمەڵگەیانەدا کە زۆرینەیان رەشپێستن، یاخۆ ئەو مافە بە هەندێک کەمایەتی وەکی کەمایەتی پەنابەرانی ئەوروپا رەوا نەبینن.

هەنووکە ئەم پەتایە جیهانی سێیەم و بەتایبەتیش وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی گرتووەتەوە. لە چەندین وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفەریقا، زۆرێک لە بزاوتە فێندەمێنتالیستەکان بەئاشکرا باس لەوە دەکەن کە ئەوان بەشێکی گەمەی دیموکراسییان پێ قبووڵە، تەنانەت نوێنەری هەندێ لەو بزاوتانەش کۆ لەوە ناکەنەوە بڵێن: (هەنگاوی یەکەممان دوای بردنەوەی هەڵبژاردن، ناشتنی دیموکراسی و کۆتایی پێهێنانییەتی).

ئەوەی ئەم قەیرانەش لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا قووڵتر دەکاتەوە

(دوژمنانی دیموکراسین) کە حوکمڕانی ئەو وڵاتانە دەکەن، ئەم هەڵوێستەی فێندەمێنتالیستەکان وەک هەلێک دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی تا ئەبەد پرۆسەی دیموکراسی لە وڵاتەکانیاندا بە هەڵپەسێردراوی بهێڵنەوە.

لێرەوە "ئارۆن" هەستا بە گۆڕینی پێناسەکردنی خۆی بۆ (دیموکراسی) و پێی وابوو (دیموکراسی) بەتەنیا برێتی نییە لە ڕێکخستنی کێبڕکێیەکی مەدەنییانە و دوور لە توندوتیژی لەسەر دەسەڵات، بگرە هاوکات و لە بنەڕەتدا برێتییە لە قبوولکردنی پرەنسیپەکانی ئەو کێبڕکێیەش. (دیموکراسی) بۆ خۆی برێتییە لە سیستەمی چارەسەری مامناوەندی و هەموو جۆرە پەرگیری و توندڕەوییەکیش ڕەت دەکاتەوە.

دیموکراسی لە بەریتانیادا دوای ئەوە هاتە ئارا کە دەسەڵاتی ڕەهای فەرمانڕەوا سنووردار کراو بەرەبەرە دەسەڵات کەوتە دەست پەرلەمان، پەرلەمانیش بۆخۆی ئەو جێگەیەیە کە توێژ و چینە ناکۆکەکانی تێدا کۆ دەبنەوە و لەناو خۆیاندا لەسەر چارەسەرکردنی مەسەلەکان ڕێک دەکەون. گەر ئەمەش نەکرێت، ئەوا حوکمڕانیکردن و دەوڵەتداری کارێکی ئەستەم دەبێت.

چارەسەرکردنی ئەم کێشانە لەناو پەرلەماندا، لە قۆناغی یەکەمیدا بواری پێوەندییەکانی نێوان فەرمانڕەوا و چینی ئۆرستۆکراتەکانی گرتەوە. لە دووەم قۆناغدا گەیشتە کایەی پێوەندییەکانی نێوان، چینی ئۆرستۆکراتی کۆن و چینی بۆرجوازی نوێ . لە قۆناغی سێیەمیشدا پێوەندی نێوان نوێنەری هەردوو چینی ئۆرستۆکراتی و بۆرجوازی، لەگەڵ نوێنەرانی چینی کرێکاراندا گرتەوە. ئەگەر هەر چینێک لەو چینانە بیویستایە پەرلەمان بۆخۆی پاوان بکات، ئەوا چارەسەرکردنی کێشەکان بە توندوتیژی دەشکایەوە و (دیموکراسی)یش بوونی نەدەما. یاخۆ ئەگەر هەر دەستە و تاقمێک بیویستایە لە ڕێی توندوتیژییەوە بگاتە دەسەڵات و لە ڕێی

توندوتیــژییــەوە گــۆڕانکاری بکات، ئەوا ئـەمــە بـە دەرچوون و لادان لـە دیموکـراسـی حیـسـاب دەکرا و سـەرەتایەک دەبوو بۆ چوونـە ناو جـەنگێکی ئەهلی یان بەرپابوونی شـۆڕش. بەم جـۆرە پرەنسـیپی دیموکراسی فـەزیلەت نییـە، بگرە روحییەتی چارەسەرکردنی کێشەکانە بەشـێوەیەکی ئاشتییانە و دوور لە توندوتیـژی. فـەزیلەتی سـەرەکی دیموکـراسیش لەمـەدایە و مـەبەست لێی رێزگـرتنی رێسـای گـەمـەکـەیە. کـەواتە مـەبەست لە فـەزیلـەت مـانای ئەخلاقی وشەکە نییە و (دیموکراسی) خۆی لە بەکارهێنانی زمانی فەزیلە و ئاکار بەدوور دەگرێت.

هەرچەندە ململانێی شێلگیر و مەدەنییانە جەوهەری (دیموکراسی) پێک دێنێت، بەڵام ئەم کێبڕکێیە بوونی خـواست و ئارەزووی تایبـەتی لای لایەنە ناکـۆکـەکـان ناسـڕێتـەوە و بگرە بوونیـشی بە شـتـێکی پێـویست دەزانێت، چونکە ئەگەر خواست و ئارەزووی گرتنە دەستی دەسەڵات لای ئینسانەکان نەبێت، ئەوا بیرۆکەی ململانێ و کێبڕکێش نەدەبوو.

کـەواتە فـەلسـەفـەی مـۆراڵی دیموکـراسی فـەلسـەفـەیەکی واقـیـعـیـیـە، فەلسەیەکە وەک بوارێک بۆ نیشاندانی چاکە و جێگەیەک بۆ یۆتۆبیا سـەیری سیاسەت ناکات، ئەمە بەبێ ئەوەی پشت لە بەها بەرز و باڵاکان بکات.

بەڵام خـواسـتی سـەرەکی ئەو رێگرتنە لە کـەرتکەرتبـوون و دابەشـبـوونی دەسـەڵات و سـنووردارکـردنی دەسـەڵاتە، لەبەرئـەوەی سـروشـتی هـەمـوو دەسـەڵاتێک وایە کـە داوای دەسـەڵاتی زیاتر و زۆرتر دەکـات. کـەواتە دیموکراسی سیستەمێکی بێخەوش نییە و وەکی هەموو سیستەمێکی تر کەموکوڕی خۆی هەیە، بەڵام کەموکوڕی لە هەموو سیستەمە سیاسییەکانی تر کـەمـترە. واقـیـعـیـیـەتی (دیـموکراسی)ش لەوەدایە کە خـۆی لە لیسـتی سـیسـتـەمـە خـراپەکـاندا پۆلێن دەکات، بـەڵام ئەوەی بۆ ئەم بەدەسکەوتێک دەنووسرێت لەوەدایە دەتوانرێت بە چاکترین سیستەمی خراپ ناو ببرێت.

رەنگە بوترێت ئەوە سەیرکردنێکی رەشبینانەیە بۆ مرۆڤ و بۆ مێژووش، "ئارۆن"یش نکووڵی لەوە ناکات کە کەسێکی رەشبینە، بەڵام تێبینی ئەوەشی کردووە کە گەورەترین گەشبین لە بواری فەلسەفەی مێژوودا "کارل مارکس"بووە. "مارکس" وەکی چارەنووسی مرۆڤ سەیری سیاسەتی کردووە و ویستوویەتی سیاسەت ببێتە مەلەکووتی خێری رەها. هەرچۆنێک بێت "ئارۆن" بۆخۆی سروشتی وەها بوو رقی لە هەموو ئاینە سیاسییەکان دەبووەوە، چونکە تەنیا کاری ئاینی سیاسی ئەوەیە بەڵێنی دروستکردنی بەهەشت لەسەر زەوی بدات، بەڵام زۆرجار بەڵێندان بەم بەهەشتە دنیاییە بە دۆزەخ کۆتاییی دێت و جەهەنەمێک دەخوڵقێنێت.

نازیزم و کۆمۆنیزم

گومـانی تێدا نییـه فـەزڵی بڵاوبوونەوەی چـەمکی (تۆتـالیـتـارییـەت) وەک چەمکێکی سێنتراڵ لە فەلسـەفەی سـیاسـیی هـاوچەرخدا، دەگـەڕێتـەوە بۆ خـاتوو "هانا ئارێنت" (١٩٠٦- ١٩٧٥)ی نـووسـەری ئەڵمـانی و هەڵگری رەگەزنامەی ئەمەریکایی.

"ئارێنت" لە کتێبەکەیدا (بنەماکانی تۆتالیتاریزم) کە لە ساڵی ١٩٥١دا دەرچووە، کەوتە تەوزیفکردنی ئەم چەمکە (بێ ئەوەی دەستپێشخەر بووبێت لە داتاشینیدا)، بەو مەبەستەی خوێندنەوەیەکی هاوبەش لەبارەی هەردوو سیستەمی (نازیزم و کۆمۆنیزم) بخاتە ڕوو کە لە کاتی خۆیدا بەڕادەیەکی زۆر ناکۆک و جیاواز بەیەک دەهاتنە پێشچاو.

بەراوردێکی وەها لە نێوان ئەو دوو سیستەمەدا، ئەوساو ئێستاش جێگەی مشتومڕێکی زۆری ئەو نێوەندە رۆشنبیرییە ئەوروپاییانەیە کە پێوەندییان بە تیۆرەی سیاسییەوە هەیە. بەتایبەت لە ئەڵمانیا و فەرەنسادا کە بەدرێژایی پەنجا ساڵی رابردوو، داکۆکیکردن و هەڵگەڕانەوە لە کەلەپووری مارکسیزم بووەتە تەوەرێکی بەردەوامی ژیانی فیکرییان.

لێرەدا دەپرسین رادەی مەشرووعییەتی ئەو چەمکی تۆتالیتارییەتە چەندە و ئاستی کارایی تا چ رادەیەکە، وەک نموونەیەک بۆ تەفسیرکردنی تیۆریای دوو سیستەمی سیاسی و ئایدیۆلۆجی بەشەڕهاتوو کە لە گۆڕەپانی جەنگدا نەبێت، لە هیچ جیگایەکی دیدا بەفیعلی رووبەڕووی یەکتری نەبوونەتەوە؟

یەکەم شت کە (نازیزم و کۆمۆنیزم) لێک جیا دەکاتەوە، ئەوەیە هەردووکیان دوو دیاردەی تازەن و پێشتر و لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نموونەیان نەبووە. زەبر و قورسایی ئەم دوو رێژیمە تەنیا لە ناوەکانیاندا

نییە، بگرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەردووکیان هەر لە سەرەتاوە و لەسەر زاری تیۆرسینەکانیانەوە ئەوەیان راگەیاند کە دوو دیاردەی تازەن لە مێژوودا. بەڵام تازەیی هەردوو دیاردەکە بەس نییە بۆ ئەوەی بەراوردکاری لە نێوانیاندا کارێکی رەوا بێت. چونکە بەراوردکاری کاتێک دەکرێت کە خاڵی هاوبەش هەبێت. گومانیشی تێدا نییە "هانا ئارێنت" لە دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی خاڵی هاوبەشی نێوان (کۆمۆنیزم و نازیزم)دا دەستپێشخەر بوو، وەک بوونی دەسەڵاتی تاک حزبی و گولاگ و کۆنترۆڵکردنی تەواوی کۆمەڵگە.

سەرەڕای ئەم خاڵە هاوبەشانەی نێوانیان، بەڵام جیاوازی زۆریشیان هەیە. نازیزم راستڕەوە و کۆمۆنیزم چەپڕەو. نازیزم ئەتنییە و کۆمۆنیزم ئومەمی. نازیزم شەڕانی و جەنگخوازە و کۆمۆنیزم میانڕەو و ئاشتیخواز. نازیزم بە توندی دژایەتی دیموکراسی دەکات، لە کاتێکدا کۆمۆنیزم پێی خۆش بوو خۆی وەها وەسف کات کە (دیموکراسییەتێکی مىللییە). مەرجەعییەتی تیۆرەی نازیزم بەها جێرمانییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستە، لە کاتێکدا مەرجەعییەتی تیۆریای کۆمۆنیزم فەلسەفەی رۆشنگەری و شۆڕشی فرەنسی بوو.

هەر لە رووی خاڵە جیاوازەکانی نێوان ئەو دوو سیستەمەوە، دەتوانین بڵێین تەنانەت "ستالینیش" "هتلەر" نییە. لەبەرئەوەی "هتلەر" هەموو نازیزمە، بەڵام "ستالین" قۆناغێک لە قۆناغەکانی کۆمۆنیزمە. شەخس پەرستی لە سەردەمی "ستالیندا"، وەک کاریزماپەرستی سەردەمی "هتلەر" نییە. سەرکردەی نازی بەرجەستەبوونی مرۆڤی باڵا بوو، هاوکات سەرکردەیەک بوو جەماوەری نەزان و نابینای بەرەو رووناکی دەبرد، بەڵام جەماوەر لە سیستەمی کۆمۆنیزمدا دروستکەری مێژووە.

ئەم جیاوازییانە لەسەر ئاستی مەرج و لەسەر ئاستی بەها

ئایدیۆلۆجییەکان، دواجار تەفسیری ئەو جیاوازییە گەورەیەمان بۆ دەکەن کە لە نێـوان چارەنووسی مـێـژوویی نـازیزم و کـۆمـۆنیـزمـدا هەیە. ئەوەتـانێ رووخـانی نـازیزم تەنیـا لـە رێی تونـدوتیـژی و شــەڕ و دەســتــتــێـوەردانی دەرەکییـەوە بوو، بەڵام هەرچی کۆمۆنیزمـە ئەوا لە ناوەخۆوە هەرەسی هێنا و بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و بەبێ شۆڕشی خوێناوی کۆتایی هات.

بە رووخانی نازیزم بەها مەرجەعییەکانیشی هەرەسیان هێنا، بەڵام لە کـۆمـۆنیـزمـدا ئەو بەهایانەی مەرجـەعـیـیـەتی بوون، رۆڵێکی گـەورەیان لە رووخـانیدا گـێڕا. شـتێک بەردەوام کۆمـۆنیزمی پێ ئیدانە بکرێت، ئەوەیە خیانەتی لە پراکتیزەکردنی ئەو بەهایانە کرد کە مەشرووعییەتی مێژوویی خـۆی لەســەر بنیـات نابـوو. بەواتایەکی تر دەکرێت بڵـێین نازیزم تاوانێکی مێژوویی بوو، لە کاتێکدا کۆمۆنیزم درۆیەکی مێژوویی بوو. تاوانی دزێویش بەناوی ئەم درۆیەوە ئەنجام درا.

لە سەروبەندی ئەم لێکچوون و جیاوازییەی نێوان (نازیزم و کۆمۆنیزم)دا، توێژەری پۆڵەندی "کریزستۆڤ بۆمیان" بۆچوونێکی جیاواز دەخاتە روو. ئەم پێی وایە ئەو دوو رژێمە لەبەر ئەوە لەیەک ناچن، چونکە هەردووکــیــان تۆتالیـتارین، بگرە ئەوان تۆتالیتارین لەبەرئەوەی خـاڵێکی هاوبەش کۆیان دەکـاتەوە و لەوەدا هەردووکـیـان لەیەک دەچن کـە دژایەتیـیـەکی توندی دیموکراسـییـەتی پەرلەمانی دەکەن هەروەها دژ بە هەڵبژاردنی گشـتی و دروستبوونی حزبی جەماوەری و سەندیکا و رۆژنانەمەوانی ئەهلیشن.

ئەگەر سیسـتەمی دیموکراسی دان بە جیاوازی و ململانێی شارستانی نێوان هێز و گرووپە جیاجیاکانی کۆمەڵدا بنێت، ئەوا (نازیزم و کۆمۆنیزم) لە خــاڵێکی ترەوە دەست پێ دەکـەن و هەردووکــیـان پێـیـان وایە نـەتەوە و کۆمەڵگەی تەندروست، ئەوانەن کە هیچ ناکۆکی و ململانێیەکی ناوەخۆییان تێدا نییە، چونکە بەلای ئەوانەوە بوونی وەها ململانێیەک بەڵگەی نەخۆشییە

نەک تەندروستی.

بەلای ئەم دوو ئایدیۆلۆجیایەوە بوونی هەر کێشە و ململانێیەک، بەرەنجامی دەستتێوەردانی هێزێکی دەرەکییە لە کاروبارەکانی نەتەوە یان کۆمەڵدا. بەلای نازیزمەوە وەها دەستێوەردان و ئاژاوەگێڕییەک لە ئەستۆی رەگەزە بیانییەکانی وەک یەهوود یان قەرەج یاخۆ سلاڤییەکاندایە، بەلای بەلشەفییەکانیشەوە پاشماوەی چینە مولْکدار و کۆلاک و ئەکلیرۆس و ئەوانەی لەژێر کاریگەری کولتووری بۆرجوازی رۆئاوادان لەو کارە بەرپرسیارن.

لە هەردوو حاڵەتەکەشدا قڕکردن و پاکتاوکردن تەنیا رێگاچارەیەکە، بۆ پاراستنی یەکەتی نەتەوەیی ئومەی ئەڵمانی و یەکەتی و یەکڕیزی چینایەتی کۆمەڵگەی سۆڤیەتی. لە پێناو پاراستنی یەکگرتوویی نەتەوە و کۆمەڵگەدا و بۆ رێگەگرتن لە دروستبوونی ناکۆکی و جیاوازی، پێویستە هەموو دیاردەکانی دابەشبوون کە لەسەردەمانی کۆنەوە بەجێماون بنەبڕ بکرێن، وەک: (ململانێی حزبایەتی و ئازادیی رۆژنامەگەری و فرەمینبەری و کاری سەندیکاییەوە)، تەواوی ئەمانەش بگۆڕدرێن بە چەند داوودەزگایەکی دیسپلینکراوی کۆنکرێتی، واتە بکرێن بە: (یەک حزب و یەک سەرکردە و یەک رای گشتی).

لێرەوە دەبینین خاڵی هاوبەشی نێوان ئایدیۆلۆجیای نازیزم و ئایدیۆلۆجیای بەلشەفییەت، رەتکردنەوەی هەموو جۆرە شێوازێکی ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. وەها رەتکردنەوەیەکیش بەگەڕخستنی ماشێنی تیرۆر و مۆبێلەکردنی ئایدیۆلۆجی دەستەجەمعی و سەراپاگیر بەدوای خۆیدا دێنێت.

ئەگەر سیاسەتیش یەکێک لە پێناسەکانی بریتی بێت لە هونەری بەڕێوەبردنی ململانێی کۆمەڵایەتی، ئەوا یەکەمین شتێک کە هەردوو رژێمی

نازی و بەلشـەفی لێی بێ ئاگـابن، برێتـییـە لە هونـەری سیـاسـەت. چونکە سیاسـەت لە بۆچوونی "هیتلەر و ستالیندا"، درێژەپێدانی شـەڕە و کۆمەڵگەی سـیـاسـیش گـۆڕەپانـی هەمـیـشـەیی ئەو شـەڕەیە. شـەڕێک کـە لـە ڕێی سندووقـەکانی دەنگدانەوە ناکرێت، بگرە لە ڕێی پاکـتـاوکـردن و لەناوبردنی مادییەوە و بەشێوەیەکی یەکجاری بەڕێوە دەچێت.

بەبڕوای "کریسـتـۆڤ بومیـان"یش ئەمـە بۆخـۆی جـەوهـەری تۆتالیتـاریەتی نازیزم و کـۆمـۆنیـزمی بەلشـەفیـیـە، جگە لەمـە هـەرچی خـاڵێکی هـاوبەش و جیاواز لە نێوانیاندا هەبێت شتێکی ڕووکەش و لاوەکییە.

چەمەکی هاووڵاتی

بێگومـــان چەمکی هـاووڵاتـی بۆخــۆی، یەکــێکە لە دەســتکەوتە گــەورە و گـرینگەکـانی ســەردەمی ڕێنیـسـانسی ئەوروپایـی و داهێنانێکی گـرینگی نوێگەری سیاسییە. ڕاستە مۆدێرنە چەمکی هاووڵاتی لەو جۆرە مومارەسە سیاسییەوە خواست کە لە سەردەمی ئەسینای شا "بریکلیس"دا لە ئارادا بوو، بەڵام هـاوکـات توانی ئەو چەمکە دەوڵەمـەندتر بکات و بـەرفـراوانتـری بکات لەوەی لە ڕۆژگاری "بریکلس"دا هەبووە. ئێمە بۆخۆمان کاتێک دەڵێین هـاووڵاتـی و بە ئینگلیـزی cityzen و بە فـرەنسی citren ئەوا مـەبەست لێی گێڕانەوەی وشـەکەیە بۆ شـار city یاخۆ cite نەوەک بۆ نیشـتـمان، چونکە وشـەی هـاووڵاتی بۆ یەکـەم جـار لە (دەوڵەت/ شـار)دا هـاتە ئارا، نـەک لە مەملەکەت و دەوڵەتە ئیمپراتۆرییەکاندا کە هاووڵاتییان تێیاندا بە (ڕەعیەت) ناونووس دەکران. ئەمـەش گەڕاندنەوەیەکی شـێوە مـەجازییانە بۆ پێوەندی شـوان بە مـێگەلەکـەیەوە. هـەرچەندە شـۆڕەت و ناوبانگی داهێنانی چەمکی هاووڵاتی دەگـەڕێتـەوە بۆ شـارەکـانی یۆنان بەتایبـەت ئەسینا لـە سـەردەمی "بریکلیس" پاشـــادا، بەڵام پـێ دەچێت هـاووڵاتی بۆ یـەکـەم جــار لە شـــارە فینیقییەکاندا هەبووبێت.

لەم ڕووەوە "ئەرسـتـۆ"ی گەورە فـەیلەسـووفی یۆنان، ئیـعـتـراف دەکـات و دەڵێت: (سـیستـەمی سیاسی شـارە فینیقییەکان و دەستوورەکەیان لەسـەر ئیـرادەی گـەل دامـەزرابوو، ئەمــەش بە ڕوونی لە شــاری قـرتاجــەدا بەدی دەکرا). ئەو شـارە بەبۆچوونی "ئـەرسـتۆ"، دەسـتـوورێکی میـسـالی هـەبووە و تەنانەت لە دەستووری هەریەک لە ئەسینا و ئەسپارتە پێشکەوتووتر بووە.

لە واقــیـعــدا پێــوەندی نێــوان وتەزای هاووڵاتی و وتـەزای ئیـرادەی گــەل

پێوەندییەکی ئۆرگانیکییە، لەبەرئەوەی تەنیا ئەو وڵاتانە دەتوانن لافی ئەوە لێ بدەن وڵاتی (هاووڵاتین) کە حوکمڕانەکان تێیاندا مەشرووعییەت و ڕەوایەتی خۆیان لە ئیرادەی گەلەوە وەردەگرن، نەک دەستکەوتێکی ئیلاهی بێت یاخۆ وەک میراتییەک لە بنەماڵەوە بۆیان مابێتەوە. لە وڵاتێکی وەهادا دواجار ئەوەی بڕیار لەسەر هێنانە سەرکاری فەرمانڕەوا و لەسەر کارلابردنی دەدات، تەنیا دەنگی هاووڵاتییانە. بەڵام ئەمەش بەو مانایە نایەت کە بەشێوەیەکی میکانیکی هەموو سیستەمێکی هاووڵاتی، دیموکراسییەکی تەواو بێخەوش بێت. چونکە ئەوەی ڕاستی بێت لە قرتاجە و هەروەها لە ئیسپارتە و تەنانەت لە ئەسیناش، سیستەمی حوکمڕانی سیستەمێکی ئۆرستۆکراتی بووە.

لەبەرئەوەی لەوێدا مافی (هاووڵاتیبوون) تەواوی دانیشتوانی شارەکانی نەدەگرتەوە، بگرە تەنیا مافی کەمینەیەک بوو لەوانەی سەر بە بنەماڵە دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو بوون ، لەگەڵ ئەوانەشدا کە بەبنەچە ئەسینی بوون. ئەم مافەش لەو بیانی و کۆیلانە سەندرابووەوە کە نیشتەجێی ئەوێ بوون و لە ڕووی ژمارەشەوە، سەرژمێرییان دە قاتی ئەوانە بوو کە ئازاد و سەربەست بوون و خاوەن هەموو جۆرە مافێک بوون.

لەگەڵ ڕووخانی سیستەمی (دەوڵەت/ شار) و دروستبوونی دەوڵەتی ئیمپراتۆری لە وێنەی ئیمپراتۆریەتی مەگدۆنی و ڕۆمانی، چەمکی هاووڵاتی پاشەکشەیەکی زۆری بەخۆیەوە بینی. هەرچەندە لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا چەمکی (هاووڵاتی ڕۆمانی) بەکار دەهێنرا، بەڵام زیاتر هەر قسەیەکی ڕووت بوو و کاری پێ نەدەکرا. واتە هاووڵاتی مافی سیاسی نەبوو لەو مەسەلانەی پێوەندییان بە دەستنیشانکردن و لەسەر کار لابردنی کەسی فەرمانڕەواوە هەبوو.

لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا (چ عەرەبی ئیسلامی و چ لاتینی مەسیحی)،

چەمکی هاووڵاتی بە تەواوی لە فەرهەنگی سیاسیدا سڕایەوە و بووژاندنەوەشی کەم تا زۆر، تەنیا لەگەڵ سەرلەنوێ هاتنەوە ئارای دیاردەی (دەوڵەت/شار)دا بوو لە ئیتاڵیا، لە سەرەتاکانی سەردەمی ڕێنیسانسدا. بەدەر لەم نموونە دەگمەنە، هاتنەوە ئاراو دەرکەوتنەوەی چەمکی هاووڵاتی بەو پێیەی چەمکێکی سێنتراڵە لە تازەگەری سیاسیدا، هەروا بەئاسانی و بێ کێشە و گرفت نەبوو. بۆ ئەم مەبەستەش دەبوو ڕۆئاوا (ڕۆئاوای خوڵقێنەری مۆدێرنە)، باجێکی قورس بدات بۆ ئەوەی سەرلەنوێ کەشفی چەمکی هاووڵاتی بکاتەوە. ڕۆئاوا بەدرێژایی سی ساڵ و لە نێوان ١٦١٨ و ١٦٤٨دا جەنگی ئاینی نێوان ئاینزاکان ماڵوێرانییەکی گەورەیان بەسەر دەوڵەت و شارەکاندا هێنا و شەڕێکی وا قوربانی زۆری لێ کەوتەوە، هەروەها بووە مایەی کۆچ و ڕەوێکی وەها کە سروشتی نیشتەنی هەندێ وڵاتی بەشێوەیەکی سەرتاسەری گۆڕی. جەوهەری سەرەکی ئەم شەڕانەش کێشە و ناکۆکی نێوان کاتۆلیک مەزهەب و پرۆتستانت مەزهەبەکان بوو، هاوکات ئەم جەنگانە هاوشانی شەڕی نێوان بنەماڵەکان و ئیمارەتە فیوداڵییەکان و دەوڵەتە ناسیۆنالیستە تازە پێگەیشتووەکان بوون.

لەم سەروبەندەشدا دەبوو خوێنێکی بێشومار برژێت، تا هۆشیاریی ئەوروپایی بگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئەوەی لە ژێر پێستی ئیمانداریکی کاتۆلیکی یاخۆ پرۆتستانتیدایە هاووڵاتییە و مافەکانیشی نەک بە پێی بیروباوەڕی ئاینی، بگرە بەپێی ئینتماکردنی بە نیشتمانەوە دەستنیشان دەکرێت. بەو پێیەی نیشتمان چوارچێوەیەکی هاوبەشی بوونی ئینسانەکانە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی تر کە ڕەنگە ببێتە مایەی ئاژاوەنانەوە و کەرتکردنی یەک ریزی هاووڵاتییان، نەک کۆکردنەوە و پێکەوە گرێدانیان.

یەکەمین بنەمای (هاووڵاتیبوون) تەئکید لەسەر ئەوە دەکات کە هەموو هاووڵاتییەک مافەکانی پارێزراوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی پلەوپایەی چینایەتی

چۆنە و سەر بە چ رەگەزێکە و بیروباوەڕی ئاینی چییە. ئەمەش خاڵی دەسپێکی تەواوی گەلاڵە نامەکانی مافی مرۆڤ و دەستووری ولاتانی دیموکراسییە، یەکەمین نموونەشی لە (جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتی)دایە کە کۆمەڵەی نیشتمانی فرەنسی لە ٢٦ ئابی ١٧٨٩دا دەری کرد.

برگەی یەکەمی ئەم جاڕنامەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە: (ئینسانەکان بەئازادی لەدایک دەبن و ئازاد دەژین و لە مافیشدا چۆن یەکن)، بەبێ گوێدانە جیاوازییە کۆمەلایەتییەکان. برگەی دەیەم لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ، تەئکید دەکاتەوە کە نابێت هیچ هاوولاتییەک بەهۆی بیرو باوەڕی ئاینەوە ئازار بدرێت، بەمەرجێک تەعبیرکردن لەو بیروباوەڕانە لەگەڵ هەلومەرجی گشتی کۆمەڵدا ناکۆک نەبێت.

کاتێک شۆڕشی فرەنسی نازناوەکانی سڕییەوە و نازناوی هاوولاتی یاخۆ (هاوولاتیبوون)ی بەسەر هەمواندا سەپاند بەبێ جیاوازی، بۆ ئەوەبوو تا تەئکید لەسەر یەکسانی نێوان مرۆڤەکان بکاتەوە، بەبێ گوێدانە پلەوپایەی کۆمەلایەتی و بیرو باوەڕی ئاینییان. لە دەوڵەتی هاولاتیدا پێویستە دەوڵەت بێلایەنانە رەفتار بکات و وەک هاوولاتی سەودا و مامەڵە لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا بکات کە لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەودان. لە بەرامبەریشدا پێویستە هاوولاتییان بەتەنیا شوناسێکەوە لە دەوڵەتدا ئامادەیی خۆیان هەبێت، ئەویش شوناسی هاوولاتیبوونیانە.

ئەم مەسەلەیە بۆ یەکەم جار لەناو کۆمەڵەی نیشتمانیدا باس کرا و مشتومڕی لێ کەوتەوە، بەتایبەت کاتێک دوای شۆڕشی فرەنسی و لە ساڵی ١٧٩١دا مەسەلەی بەشداریکردنی یەهوود لە ژیانی سیاسیدا خرایە بەر باس. لەو کۆبوونەوەیەدا مافی هاوولاتی بەخشرایە یەهوودیەکانی ناو کۆمەڵگەی فرەنسی- مافێک کە لەوەو بەر لێی بێبەش کرابوون، بەلام بەو

مـەرجـەی ئەوانیش لـە کـۆمـەڵگەی سـیـاسـیـدا وەک هـاوڵاتـیـیـەک نەک وەک یەهوودی ئامادەییان هـەبێت.

بەڵام دەبێت ئەوەشـمان لـەلا ڕوون بێت کە مـەسـەلەی بێلایەنبـوونی دەوڵەت لە بەرامـبەر هـاووڵاتـییـاندا، هـەروا بەئـاسـانی لەسـەر لاپەڕەکانەوە دانابەزێتـە سـەر زەوینەی واقـیع. بـۆ نموونە ئەوەتا وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمـەریکا کـە بەر لە وڵاتـانی تری دنیـا بڕیاری لـەسـەر مـافـەکـانی هـاووڵاتـی داوە، لە ڕێی جـاڕنامـەی سـەربەخـۆیی ئەمـەریکاوە لە سـاڵی ١٧٧٦دا، بەڵام سـەرەڕای ئەوەش تا بەراییـیەکـانی سـەدەی بیسـتەم ڕەشـپێسـتەکـانی ئەو وڵاتە بەهـۆی ڕەنگیانەوە، لە زۆر لەو مافانە بێبەش کرابوون کە هـاووڵاتییە سپیپێستەکان خاوەنی بوون.

هـەمـان شت بەنیـسـبـەت فـرەنسـاشـەوە ڕاسـتـە. ئەگـەرچی ئەوان لەگـەڵ شۆڕشی فـرەنسی و لە سـاڵی ١٧٨٩وە سیستەمی کـۆیلایەتییـان هـەڵگرتبوو، بەڵام تا سـاڵانی ١٨٥٤ لە وڵاتانی کۆلۆنیالیکراوی ژێر دەسـتیـاندا کاریان پێ دەکرد. هـەروەهـا ژنانیش تەنیا لە سـاڵی ١٩٥٢دا توانییان تەواوی مـافەکـانی خۆیان وەکی هـاووڵاتییەک بەدەست بهێنن. مەرجی سـەرەکی دەوڵەت لە وڵاتی هـاوڵاتیدا نیشـاندانی بێلایەنییە و بـە یەک چاو سـەیرکردنی هـاووڵاتیـیـانە، ئیـتـر ئەو هـاووڵاتـیـیـە مـەسـیـحی بێت یان یەهوودی، کـاتـۆلیکی بێت یـاخـود پرۆتستانتی، سپی بێت یان ڕەشپێست، هـەژار بێت یاخۆ دەوڵەمەند.

هـەروەهـا کــەسـی فــەرمــانڕەوا لە دەوڵەتی هـاووڵاتـیــدا کــاتێک دێتــە ســەرکورسـی دەسـەڵات و مـومـارەسـەی حـوکـمڕانـی دەکات کـە لە هـەمـوو پلەوپایەی چینایەتی و بیـرو باوەڕی ئاینی شـەخسی خـۆی دامـاڵرابێت. خـۆ جیاکردنەوەش لە تەواوی ئەم شتانە، تەنیا لە دەوڵەتی هـاووڵاتی تازەدا بەدی هـات و بـە عــەمــەلی بـەرجــەســتــە بـوو. دەوڵەتێک فــەرمــانڕەوا تێــیــدا مەشـرووعییەتی خـۆی تەنیا لە دەنگدانی هـاووڵاتـیـان و متمـانە پێبەخـشینی

ئەوانەوە بەدەست دێنێت، نەک لە بنەماڵەکەیان بەو سەروەت و سامانەی خاوەنێتی، یاخۆ خاوەنی چ بیرو باوەڕێکی ئاینە و سەر بە چ خوێن و رەگەزێکە!!

مافەکانی مرۆڤ

هەرچەندە ڕۆئاوا بۆ یەکەم جار دەستی لە داڕشتنی چەمکی مافەکانی مرۆڤدا هەبوو، بەڵام بیرۆکەی ئەم مافانە هەر لە خۆڕا و لە هیچەوە لە ناو شارستانییەتی ڕۆئاوادا دروست نەبوو، بگرە مافەکانی مرۆڤ رەگوڕیشەیەکی کۆنی لە شارستانییەتەکانی پێشووتردا هەیە، بەتایبەت ئەو شارستانییەتانەی خاوەنی نووسین بوون. رەنگە کۆنترین دەقێک سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ لە بەردەستدا بێت، ئەوە بێت کە لە شەریعەتەکەی "حامورابی"دا هاتووە. ئەم شەریعەتەش لە دەوروبەری ساڵی ١٧٠٠ پ.ز لە بابل نووسراوە.

لە پێشەکی ئەم شەریعەتەدا هاتووە کە "حامورابی" دەیەوێت (خۆری دادپەروەری بەرز رابگرێت، تا نەهێڵێت خاوەن هێز دەستدرێژی بکاتە سەر بێهێزەکان و ئازاریان پێ بگەیەنێت). ئەگەرچی یاسا ئامرازێکە بۆ بەرگرتن لە زوڵم و ستەمکارییەکانی دەسەلات، بەڵام رەنگە یاسا خۆیشی ببێتە سەرچاوەی زوڵم و ستەمکاری. ئەمەش مرۆڤی ناچار کرد بەدوای یاسایەکی باڵاتردا بگەڕێت کە سروشتێکی یەزدانی هەبێت و ببێتە مەرجەعی یاساکانی مرۆڤ. هەرئەمەش بوو کە "مووسا" کردی کاتێ راستەوخۆ لەوحەکانی شەریعەت لە دەمی "یەهوە"وە هاتنە خوارێ ، ئەو دەمەی بەڕێوە بوو بۆ سەرزەوینی بەڵێن پێدراو لە سەدەی هەشتەمی پ. ز دا.

بیرۆکەیەکی وا لەبارەی یاسای باڵا لە شارستانییەتەکانی تر (بەتایبەت ئەوانەی خەسڵەتێکی مەدەنییانەیان هەبوو)، وەکو شارستانییەتی یۆنانی و شارستانییەتی چینی غافڵ نەبوو. بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە باوەوە کە لە ئارادایە، ئەوە "ئەفلاتوون" و "ئەرستۆ"نین کە لە فەلسەفەی یۆنانیدا

تەئكیدیان لە مافە وەزعی یاخۆ یەزدانییەكانی مرۆڤ كردووەتەوە، بگرە بەپێچەوانەوە ئەو دوو فەیلەسووفە مرۆڤیان پۆلێن كردبوو بۆ یۆنانییە ئازاد و سەربەخۆكان، لەگەڵ بەربەری و كۆیلەكاندا و ئەمانەش بەهیچ شێوەیەك حسابی مرۆڤیان بۆ نەدەكرا.

ئەوەی لەناو فەلسەفەی یۆنانیدا تەئكید لە گەردوونیبوونی مرۆڤ و مافەكانی دەكاتەوە، سۆفیستەكان و دوای ئەوانیش رواقییەكانن.. ئەوە "پرۆتاگۆراس"ە كە دروشمی (مرۆڤ پێوەری هەموو شتەكانە) بەرز دەكاتەوە و "ئەلقیدا مس"یشە دەڵێت: (خوا تەواوی ئینسانەكانی بە ئازادی دروست كردووە و سروشتیش هیچ كەسێكی وەك كۆیلە نەخستووەتەوە).

لە سەدەی یەكەمی پ.ز "سینیكا"ی فەیلەسووفی یۆنانی دەڵێت: (مرۆڤ شتێكی پیرۆزە). هەر لەو ماوەیەدا گەورە فەیلەسووف و یاسادانەری چین لە سەدەی سێیەمی پ.ز دەنووسێت: (مرۆڤ ئەوەندە گرینگە كە بەهیچ شتێكی تر بەراورد ناكرێت)، لە مەسیحییەتیشدا قەشە "پۆلس" رای گەیاند (نە جوولەكە و نە یۆنانی، نەكۆیلە و نە ئازاد، بگرە تێكڕا هەموومان برای رۆحی یەكترین). لە ئیسلامیشدا وشەی (مرۆڤ) لە قورئاندا، زیاد لە شەست جار دووبارە دەبێتەوە: (لقد خلقنا الانسان في احسن تقويم).

لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو چاوەڕوانی سەدەی دوازدەم بین، بۆ ئەوەی چەمكی مرۆڤ بەشێوە یاساییەكەی لەدایك بێت و لە وڵاتی فەرەنسا بڵاو بێتەوە، بەڵام لەلایەن ئەو هاووڵاتییە بەریتانییانەوە بنووسرێت و بڵاو بكرێتەوە كە لە تاو زوڵم و ستەمی پاشای وڵاتەكەیان هەڵهاتبوون و پەنایان بردبووە بەر فەرەنسا. ئەمانە توانییان یەكەمین دیكۆمێنت بەناوی (ماگناكارتا) واتە (میساقی گەورە)، دەربكەون ئەمەش بوو بە ژێرخانی مافەكانی مرۆڤ.

لەو مافانەی لەم بەیاننامەیەدا هاتبوو: (دەبێت هەر مرۆڤێك مافی موڵكدارێتی و هاتوچۆ و بەرگری لە خۆكردنی هەبێت و كڵێسا ئازاد بێت لە

هەڵبـژاردنی قـەشـە و پیـاوانی ئاینی و بازرگـان و خـانـەدانەکانیش مـاف و دەسـتکەوتـەکـانیـان پـارێزراو بێت، هـەروەهـا مـافی هەمـووان لە دانـی باج بەشێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە پارێزراو بێت).

چوار سـەدە دوای ئەمە لە بەریتـانیـا دووەمین جاڕنامـەی مافـەکانی مرۆڤ دەرچوو کە ناسراوە بە (مـانیفستی مـافـەکان) و لە سـاڵی ١٦٢٨دا لەلایەن پەرلەمـانی بەریتـانیـاوە ئاراسـتـەی "شـا چـارلسی یەکەم" کـراوە، بۆ ئەوەی ئاسـتـێک بۆ دەسـەڵاتی رەهـا دابنێن. ئەم بـەیاننـامـەیە جـارێکی تر لەو یاسـایـەدا داڕێژرایـەوە کـە بـە (هـابیـاس کـوریـوس) ناسـراوە و ئـازادیی کـەسـێـتی دەپارێزێ و تەئکیـد لەوە دەکـاتەوە، هـەر گـومـانلێکراوێک لەبری ئەوەی زیندانی بکرێت، دەتوانێت کەفالەتێکی مادی بدات تا ئەوکاتەی دادگا بڕیاری کۆتایی لەسەر کێشەکەی دەدات..

یاسـای (هابیـاس کـوریوس) کـە لە ٢٣ بڕگـە پێک هاتبـوو، سـاڵی ١٦٧٩ پەرلەمـانی بەریتـانیـایی بڕیاری لەسـەر دا. ئەوە یەکەمین دەقی یـاسـایی لەو جـۆرەیە کـە دەسـەڵاتی جـێبـەجـێکردن و قـەزائی لێک جـیـا دەکـاتەوە و سەربەخۆیییەکی زیاتر بە دەسەڵاتی قەزائی دەدات هەر لە بەریتانیا و ساڵی ١٦٨٩ رێسـای مـافەکان دەرچوو کە توانی بنەمـاکانی دەستووری بەریتـانی دابڕێژێ ، هـەروەهـا بووە مـایەی سـەرکەوتنی پەرلەمان و هـاووڵاتیان بەسـەر حوکمی رەهای بنەماڵەی "ستیوارت"دا.

سـەرجـەم ئەو بەیاننامە و رێسـایانە جگە لەوەی خەسڵەتێکی ئیـجرائییان هەبوو، بەڵام لە هیچ فەلسەفەیەکی یاساییەوە سەرچاوەیان نەگرتبوو. جێی باسـە فەیلەسـووفی بەریتـانی "جۆن لۆک" (١٦٣٢– ١٧٠٤)، یەکەم کـەس بوو لـە پەیامـەکـەیدا (لەبارەی لێکبـووردن)ەوە، زەوینـەی بۆ لـەدایکبـوونی فـەلسـەفـەیەکی یاسـایی بۆ مـافـەکانی مرۆڤ خـۆش کرد. ئـەویش لە رێگەی جیـاوازیکردن لە نێـوان پەیمانی کـۆمـەڵایەتی و مـافـە سـروشـتـیـیـەکـانی

تاکەکەس و جەختکردنەوەی لەسەر ئەوەی، هیچ یەکێک لەم دووانە نابنە مایەی سڕینەوەی یەکتری و داواشی کرد دەوڵەت (کە بۆی نییە دەست وەرداتە کاروباری خواپەرستی) لە کڵێسا (کە ئەمیش لای خۆیەوە بۆی نییە خۆی لە کاروباری مەدەنی هەڵقورتێنێ)، جیا بکرێتەوە.

بە پشتبەستن بە فەلسەفەی یاسایی "جۆن لۆک" یەکەمین تێکستی نوێی مافەکانی مرۆڤ ساڵی ١٧٧٦ لە ولایەتی ڤێرجینیا کە کۆڵۆنییەکی بەریتانی بوو لە ئەمەریکا رووناکی بینی. سەروەختێکیش "تۆماس جیفرسۆن"ی سێیەم سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان لە چواری تەمووزی ١٧٧٦دا، بەناوی شۆڕشگێڕانی سێزدە ولایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە کە لە تاجی بەریتانی یاخی بووبوون (جاڕنامەی سەربەخۆیی) راگەیاند، زۆربەی زۆری بڕگەکانی تێکستە تازەکەی ڤێرجینیای لەوێدا دە بارە کردبووەوە. لە پێشەکی (جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمەریکادا) هاتووە! (کەس لاری لەو راستییە نییە کە مرۆڤ وەک یەک و بەیەکسانی دێنە دنیاوە و دروستکەریشیان هەندێک مافی وای پێ داون بۆ هیچ کەس نییە لێیان زەوت بکات، وەک مافی ژیان و ئازادی و خواستی کامەرانی و بەختەوەری. دەسەڵاتداریش تەنیا لە پێناو پاراستنی ئەم مافانە دادەنرێت و هیچ دەسەڵاتێکیش پایەدار نابێت، جگە لەوەی کە لە هاووڵاتییانەوە سەرچاوە دەگرێت. هەر دەسەڵاتێکی فەرمانڕەوایش ئەم ئامانجەی لەبەرچاو نەگرت و پێشێلی کرد، ئەوا گەل مافی ئەوەی هەیە ئەو دەسەڵاتە بگۆڕێت و حوکمڕانییەکی نوێ لە جێگەی دابنێت). گەورەترین هەنگاوی یەکلاییکەرەوە بەرەو فۆرمەلەبوونی چەمکی مافەکانی مرۆڤ، ئەوکاتە بوو کە دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی نیشتمانی فرەنسی (ئەو کۆمەڵەیەی سەرکردایەتی شۆڕشی چینی سێیەمی کرد لە دژی حوکمڕانی رەهای سیستەمی پاشایەتی و لە دژی دەسکەوت و بەرژەوەندییەکانی چینی خانەدانەکان و پیاوانی ئاینی)، لە ٢٦ی ئابی ١٧٨٩ (جاڕنامەی مافەکانی

مرۆڤ و هاوولاتیانی) راگەیاند. ئەمەش بە گەورەترین دەسکەوتی شۆڕشی فرەنسی دەژمێردرێت.

هەرچەندە ئەم جاڕنامەیە لە بەر ڕۆشنایی تێکستەکەی ئەمەریکای ساڵی ١٧٧٦دا نووسرابوو، بەڵام رەهەندێکی گەردوونی وای بە چەمکی مافی مرۆڤ و هاوولاتی بەخشیبوو کە لەوەوبەر لە ئارادا نەبوو، بەتایبەتی ئەو جاڕنامەیە رووی دەمی لە مرۆڤ بوو لە هەموو کات و شوێنێکدا، بە چاوپۆشین لەوەی ناسنامەی چییە و سەر بە چ رەگەز و ئاین و زمانێکە.

جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتیان، مافە سروشتی و پیرۆزەکانی تاکەکەس و هاوولاتی دیاری کرد. ئەویش لە روانگەی هەریەک لە پرەنسیپی ئازادی و یەکسانییەوە. ئەوەتا لە پێشەکییەکەیدا ئەو جاڕنامەیە تەئکید لەوە دەکاتەوە کە: (فەرامۆشکردنی ئەم مافانە یان بێئاگابوون لێیان و پشتگوێ خستنیان، هۆکاری سەرەکی بەدبەختی و چارەڕەشیی کۆی مرۆڤایەتی و گەندەڵیی حکومەتەکانە).

دەقی مافەکانی مرۆڤی ساڵی ١٧٨٩ تەنیا باسی لە مافە سروشتی و سیاسییەکان کردبوو، وەک: (مافی یەکسانی و موڵکدارێتی و ئاسایش و بەگژاچوونەوەی چەوساندنەوە و ستەمکاری)، بەڵام ئەم دەقە دوای ئەوەی گۆڕانکاری تێدا کرا و لەلایەن کۆمەڵەی یاسادانانەوە لە ٢٤ حوزەیرانی ١٧٩٣ و لە سەردەمی یەعقوبییەکاندا بڵاو کرایەوە، مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی وەک (مافی کارکردن و مافی خوێندن) سەرباری مافەکانی تر خست و بڕیاری لەسەردان.

بەڵام جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتی ئیتر ئەوەی ساڵی ١٧٨٩ یان ١٧٩٣، بەدرێژایی سەدەو نیوێک خاوەنی هێزێکی یاسایی نەبوون. هەروەها هیچ بەهایەکی دەستووریشیان نەبوو. تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ساڵی ١٩٤٦ بە رەسمی خرایە ناو پێشەکی دەستووری کۆماری چوارەم و پاشان لە

پێشەکی دەستووری کۆماری پێنجەمیشدا دانرا و لە ساڵی ١٩٥٨ تا ئێستا لە فرەنسا کاری پێ دەکرێت.

نەبوونی ئەو هێزە یاساییەی هەموو لایەک ناچار بکات رێز لەو مافانە بگرن، وای لە نوێنەرانی فیکری سۆسیالیستی سەدەی نۆزدەم کرد، جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی بدەنە بەر رەخنە، بەوپێیەی ئەو بەیاننامەیە شتێکی رووکەش و ئەبستراکتە. تەنانەت "مارکس" بە بەیاننامەیەکی چەواشەکاری وەسف کرد، لەبەرئەوەی نەک هەر ئازادی دەستەبەر ناکات، بگرە تەنیا کارێک بیکات ئەوەیە مافی هەیمەنەی بۆرجوازییەت مسۆگەرتر دەکات. ئەم تێڕوانینە چینایەتییە لە خوێندنەوەی مافەکانی مرۆڤدا وای کرد کۆنگرەی سێیەمی (سۆڤیاتات)ی تەواوی رووسیا لە ساڵی ١٩١٨، جاڕنامەیەکی نوێ دەربکات بەناوی: (جاڕنامەی مافەکانی گەلانی زەحمەتکێش و چەوساوە).

شایەنی باسە لە ساتەوەختی بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ و دابەشبوونی جیهان بەسەر بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستیدا، مافەکانی مرۆڤ (بەتایبەت لە سەردەمی جەنگی سارددا)، بووبە بابەتی ململانێیەکی ئایدیۆلۆجی توند لە نێوان دیموکراسیی لیبراڵیزم و دیموکراسییە پۆپۆلیستەکاندا.

ئەم ململانێیەش گەیشتە ئەو ئاستەی یەکەتیی سۆڤیەت و هەر پێنج وڵاتەکەی بلۆکی کۆمۆنیستی، دەنگ بۆ دەرچوونی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ نەدەن کە کۆمەڵەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٨ بڕیاری لەسەردا و لێژنەیەکی سێ کەسیش کە پێکهاتبوون لە "ئەلیانۆر ڕۆزڤلت"ی ئەمەریکایی خێزانی فرانکلین ڕۆزفلتی سەرۆکی ئەمەریکا کە لە ساڵی ١٩٤٥ کۆچی دوایی کرد"، لەگەڵ "دکتۆر شانگ"ی چینی و "شارل مالک"ی لوبنانی ئامادەیان کردبوو.

ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکـان دوابـەدوای ڕاگـەیاندنی جـاڕنـامـەی گەردوونی مافـەکانی مرۆڤ، ژمارەیەک بەیاننامـەی ورد و هـەمەلایەنتری بڵاو کـردەوە و هەمـوو ئـەوانەش بە مـەبەسـتی زیـاتر بەهێـزکردنـی ناوەڕۆکی ئەو جاڕنامـە گەردوونییە و گەشەپێدانی زیاتری بوو، تا لەگەڵ ڕووداوە تـازەکان و پێداویستەکانی سەردەمدا بگونجێت.

نموونەی ئەو بەیاننامانەی دوابەدوای ڕاگەیاندنی جاڕنامەی مـافـەکانی مرۆڤ لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڵاو کراونەتەوە، بریتین لە بەیاننامـەی ١٩٤٨ لەبارەی (قەدەغەکردنی تاوانی پاکتـاوکردنی ڕەگەزی) و بەیاننامەی ١٩٦٥ لەبارەی (نەهێشتنی هەموو جۆرە سیاسەتێکی ئاپارتاید) و بەیاننامەی ١٩٨٠ لەبارەی (قەدەغەکردنی هەمـوو جۆرەکانی جیاوازیکردن لەگـەڵ ڕەگـەزی مـێـینە و ڕێگرتن لە بەکـارهێنانی توندوتیـژی دژ بەژنان). هەروەها بـەیاننامـەی سـاڵی ١٩٨٤ (دژی سـزادان و هـەمـوو جـۆرە لێـدان و مـامـەڵەیـەکی دڕندانـە و نامـرۆڤـانـە و سـووکـایەتی پێکردنێک)، لەگـەڵ بەیاننامەی ١٩٨٩ لە پێناو (پاراستنی مافەکانی منداڵان)دا.

هـاوکـات بەیـاننـامـەی مـافـەکـانی مـرۆڤ لـە زیادبووندا بـوو کـە لـەلایەن ڕێکخراو و لێژنە لۆکاڵییەکانی وەک: (ڕێکەوتننامەی ئەوروپایی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سـەرەکییەکان) ١٩٥٠ لەگەڵ (ڕێککەوتننـامەی ئەمـەریکایی تـایبـەت بـە مـافـەکـانی مـرۆڤ) ١٩٦٩ هـەروەها (جـاڕنـامـەی جیهانی مافی میللەتان) جەزائیر ١٩٧٦، (ڕێسای ئەفەریقیا بۆ مـافەکانی مرۆڤ و میللەتان) ١٩٨١، ڕاگەیەندران. بەڵام هەمـوو ئەمانە نەیانتـوانی ڕێ بە تاوانەکـانی قـەتڵوعـامکردنی مـرۆڤـایـەتی بگرن لە کـەمبـۆدیا و ڕواندا و یوگسـلاڤیـا، هـەروەها ڕێگری بکەن لە بەرپابوونی جـەنگە نـاوەخـۆییـەکان ژمارەی ئـەو شـەڕانە لە سـاڵی ١٩٤٥ تا ئەمـڕۆ گەیشـتـووەتـە زیاتر لە ١٣٠ شـەڕ و ٤٠ ملیـۆن کوژراوی لێ کەوتووەتەوە. واتە بەتێکڕایی ٢١٠٠ کوژراو لە ڕۆژێکدا.

دووجار کۆی ئەو هەوڵانە لە پێناو پاراستنی مافی مرۆڤدا، نەیتوانیوە رێ لەوە بگرێت کە بلیۆنێک مرۆڤ بە نەخوێندەواری و لەو رێژەیەش زیاتر بەبرسێتی و هەژاری بمێننەوە. هاوکات بلوێن و نیوێک ژن بە دەست چەوساندنەوە و توندوتیژییەوە دەناڵێنن و لە نێوان سێ تا چوار بلیۆنیشدا لە مافی گەشە و پەرەپێدان بێبەشن.

کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەمەریکایی

دوای ئەوەی بە تاقیکردنەوە ستەمکاریی دەوڵەتی عەرەبی لە هەردوو فۆرمە (رادیکال و کۆنسێرڤاتیزم)ە کەیدا ئاشکرابوو، بەشێکی زۆر لە ئێمەی رووناکبیرانی عەرەب ئومێدی خۆمان بە وتەزایەکی رزگارکەری تازەوە گرێ داوە، ئەو وتەزایەش (کۆمەڵگەی مەدەنییە). بەڵام ئەو پرسیارەی دەستبەجێ رووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە، ئاخۆ لە رووی تیۆرییەوە رەوایە دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، وەک دوو جەمسەری دژبەیەک لە بەرامبەر یەکتردا دابنێین؟ ئاخۆ کارێکی وا لە رووی زانستییەوە لەگەڵ واقیعدا دەگونجێت؟ رونتر بڵێین، ئاخۆ کۆمەڵگەی مەدەنی جێگەی ئازادی و ئەقڵانییەتە، لە بەرامبەردا دەوڵەت ناوەندێک بێت بۆ ستەمکاری و نائەقڵانییەت؟

رەنگە وەڵامدانەوەی پرسیارگەلێکی لەم جۆرە لە چوارچێوەی کۆمەڵگە عەرەبییەکاندا کارێکی ئاسان نەبێت، چونکە لەناو ئەو کۆمەڵگەیانەدا بەهیچ شێوەیەک وتەزای کۆمەڵگەی مەدەنی گەشەی نەکردووە. بەڵام ئاخۆ دەبێت وەڵامی کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی ئەمەریکایی چی بێت کە لەم بوارەدا ئەزموونێکی مێژوویی تایبەتی هەیە؟

سەرەڕای گەشەی بەرچاوی کۆمەڵگەی مەدەنی و داوودەزگاکانی لەو وڵاتەدا، بەڵام وڵاتە یەکگرتووەکان لە رووی مێژووییەوە خاوەن تایبەتمەندییەکی تریشە. ئەویش ئەوەیە ئەمەریکا تاکە نەتەوەیەکە لەناو نەتەوەکانی دنیادا کە بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی تێیدا، بەر لە کۆمەڵگەی سیاسی دەکەوێت و بوون و ئامادەگی نەتەوە لەپێش دروستبوونی دەوڵەتەوەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگەی مەدەنی ئەمەریکایی زۆر پێشکەوتووتر و زۆر

ئەقلانیتر دیار نییە، هاوکات زیاد لە دەوڵەتیش بەتەنگ بەهای ئازادی و پلورالیستی و یەکسانی و دیموکراسییەوە نایەت، هەر لە کۆیلایەتییەوە بیگرە تا دەگاتە رەگەزپەرستی دژ بە رەشپێستەکان. کۆمەڵگەی مەدەنی ئەمەریکایی هەمیشە دەستپێشخەر بووە لە دژایەتیکردنی ئەو یاسا ئازادیخوازانەی دەوڵەت پێشنیازی کردوون، تەنانەت گەر ئەو دژایەتیکردنەش بەهێزی چەکداری بووبێت، وەک ئەوەی لە شەڕی ناوخۆی ئەمەریکا لە نێوان باکور و باشووردا رووی دا دوای دەرچوونی یاسای نەهێشتنی کۆیلایەتی، ئەو یاسایەی حکوومەتەکەی "ئەبراهام لنکۆڵن" لە ساڵی ١٨٦٢ بڕیاری لەسەر دا.

تا ئەمڕۆکەش ئەو رێوشوێنە یاساییانەی حکوومەتەکەی "جۆن کەنەدی" دابنابوون بۆ نەهێشتنی دیاردەی رەگەزپەرستی لە خوێندنگە و چێشتخانە و سەرجەم شوێنە گشتییەکان، لەلایەن بەشێکی زۆری ئەمەریکاییەکانەوە (wasp) واتە ئەوانەی دەیانەوێت وڵاتە یەکگرتووەکان بە وڵاتێکی سپیپێست و پرۆتستانتی و ئەنگلۆسەکسۆنی بمێنێتەوە، دژایەتی دەکرێت و سەرپێچی لێ دەکەن.

رەنگە لێرەدا بوترێت مەسەلەی رەشپێستەکان لە ئەمەریکا شتێکی تایبەت و بە تەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی بکرێتە پێوەرێک، بۆ هەڵسەنگاندنی سروشتی پێوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی نەتەوەیەکی وەک ئەمەریکا کە خاوەن تەقلیدێکی دیموکراسی لە مێژینەیە. کەواتە با بەپێودانگێکی تر بکەوینە هەڵسەنگاندن و باس لە بزاوتێک بکەین کە "بییار لیبیناس"ی مامۆستای شارستانییەتی ئەمەریکی لە زانکۆی پاریسی دەیەم، بە (بزاوتی میلیشیاکان) ناوی دەبات.

وەک دەزانرێت قۆرغکردنی توندوتیژی بەشێوەیەکی شەرعی (ماکس ڤیبەر زیاتر پێی لەسەر ئەم مەسەلەیە دادەگرت)، بریتییە لە یەکەمین خەسڵەتی

دەوڵەتی مـۆدێرن، بەڵام کـۆمـەڵگەی مـەدەنی ئـەمـەریکی بەردەوام تـا ئـەمـڕۆ لـەبەر هـۆکــارگــەلێکی مــێــژوویی (کــە لێــرەدا ناکــرێت بچــینە نـاو وردەکارییـەکانییـەوە)، ئامـادەنین چەکەکانیان فـڕێ بدەن. سـەرەڕای ئەوەی دەوڵەت ڕێگەی چەکهەڵگرتـنی نەگرتووە، بەڵام کۆمـەڵگەی مەدەنی ئەمـەریکی لە ئەرکـێکی گرینگی تـردا کێبـەرکێ لەگەڵ دەوڵەتدا دەکات، ئـەو ئەرکـەش بواری ڕێکخستنی سەربازییە.

ئەمڕۆ لە وڵاتە یەکگرتوەکـانی ئەمـەریکادا لەپاڵ سوپای نیزامـی سـەر بە حکوومـەتی فـیدراڵی و هێـزەکانی ئاسـایش و پۆلیسی سـەر بە حـکوومـەتی ویلایەتـەکـان، مـیلیـشـیـای مـەدەنیش هەن کـە ڕێ بەخـۆیان دەدەن بەرگی ســەربازی بپـۆشـن و مــەشـق بکەن و ببنـە خــاوەنی چەکی قــورس و لە سەربازگەکانیشدا بژین.

بۆ نموونـە گـەورەترین کـاری تیـرۆرسـتی بە درێژایی مـێژووی ئـەمـەریکا ڕووی دابێت، ئـەو ڕووداوە بوو کــە لـە ١٩/نیــســـانی/ ١٩٩٥ لـە ولایەتی (ئۆکــلاهۆمــا) ڕووی داو، بـووە هـۆی کـوژرانـی ١٧١ کـەس و زیاتـر لە ٥٠٠ برینـداریشی لێ کـەوتەوە. بەبـێ تێگەیشتن لە دیاردەی مـیلیـشـیـاکـان لە کۆمەڵگەی مـەدەنی ئەمەریکیدا، ئەستەمـە بتوانین لەو ڕووداوە تێ بگەین. ئەو دوو کەسـەی هەسـتـان بە تەقـاندنەوەی ئەو ئۆتۆمـۆبێلە بارهـەڵگرە لە بەردەم تەلاری حکوومەتی فیدراڵی ولایەتی (ئۆکلاهۆما)، مەبەستیان تۆڵەکردنەوەی خــوێنی شــەهـیـدانی مــیلیــشــیــای (داودییــەکــان) بوو کــە لە ڕۆژی ١٩/نیسـانی/١٩٩٣ بە بۆمبی فـرمـێسکڕێژ و گـوللەی پیـاوانی ئـاسـایشی فیدرڵی کوژران و سووتێنران.

"داودییـەکـان"؟ ئەم ناوە لە ناوی خـواسـتـراوی دامـەزرێنەری بزووتـنـەوەکـە "داود قــۆرش" وەرگــیــراوە و خــەســڵــەتێکی تەوراتـیــانەی هەیە. تەورات ڕەگەزێکی سـەرەکی پرۆتستـانییـەتی ئەمەریکییە و تا ئێستاش سێ لەسەر

چواری شوێنکەوتووانی ئەو بزووتنەوەیە (کە نیوەی ئەمەریکاییەکان پێک دێنن)، لەو بڕوایەدان تەمەنی مرۆڤایەتی تەواو وەک ئەوەی تەورات باسی دەکات لە شەش هەزار ساڵێک تێ ناپەڕێت.

ئاین رەگەزێکی سەرەکی تەواوی میلیشیاکانی ئەمەریکایە و خاڵی هاوبەشی نێوانیشیان بریتییە لە: تەفسیرکردنی حەرفیی تەورات و ئینجیل.

بڕوابوون بەوەی پلانێکی نێودەوڵەتی نەک تەنیا لە دژی ئەمەریکا، بگرە لە دژی تەواوی گەردوون لە ئارادایە.

حکوومەتە فیدراڵییەکانی ئەمەریکاش دەستیان لەگەڵ نەخشە داڕێژەرانی ئەو پلانەدا تێکەڵ کردووە، چونکە حکوومەتە فیدراڵییەکانی ئەمەریکا بە فەرمانی رێکخراوە نهێنییە جیهانییەکان (کە کۆمۆنیستەکان و جوولەکە دەستیان بەسەرداگرتووە) دەجووڵێنەوە. میلیشاکانی ئەمەریکا کە زۆربەیان سەر بەڕاستڕەوە توندڕۆیەکانن و (هەندێکیشیان بەتایبەت لەناو رەشپێستەکاندا سەر بەچەپی توندڕۆن). سڵ لەوە ناکەنەوە بەئاشکرا باس لە ئایدیۆلۆجیای رەگەزپەرستانە و تەنانەت نازیزمانەی خۆیان بکەن.

بۆ نموونە رێکخراوی (نەتەوە ئاری نەژادەکان) کە دروشمەکەی (صلیب المعقوف)ە، خاڵی یەکەمی بەرنامەکەیان بریتییە لە پاککردنەوەی ئەمەریکای سپی پێست، لە جوولەکە و رەشپێستەکان. رێکخراوێکی تری وەک (کڵێسای ناسنامە) جیاوازییەکی زۆر دەکات لە نێوان، جوولەکە سەروەرەکانی نەوەی هابیل (کە دواتر بوونەتە مەسیحی) لەگەڵ جوولەکە بەدەکانی نەوەی قابیل و وەچەی شەیتان بە بڕوای ئەوان. ئەمانە بەردەوام پلان لە جیهان دەگێڕن و ژمارەشیان تا دێت لە زیادبووندایە، لەبەرئەوەی تێکەڵ بە رەگەزە ئاست نزم و رەشپێستەکان دەبن. هاوکات ئەمانە پێیان وایە ئەمەریکا لە نیاز خراپی و ئاژاوەگێڕی ئەو کەسانە رزگاری نابێت، گەر

نەنێردرێنەوە بۆ ئەو جێگەیەی لێیەوە هاتوون (واتە بۆ فەڵەستین یان وڵاتی سامرە و یەهوودی بە چەمکە تەوراتییەکەی).

بێگومان مەترسی میلیشیاکان هەر بەتەنیا لە ئایدیۆلۆجیاکەیاندا نییە، بگرە بەرلە هەر شتێ لە جموجۆڵی عەمەلییاندایە. پێشتر باسمان لەوە کرد کە میلیشیا (داودییەکان) لە تەکساس مۆڵگەیەکی تایبەتی بەخۆیان دروست کردووە و چەکی ئۆتۆماتیکی و بۆمبا و دۆشکەشیان تێدا کۆ کردووەتەوە. هێزەکانی ئاسایشی فیدراڵی دوای گەمارۆیەکی بیست رۆژی نەبێت، نەیانتوانی بچنە ناوی و سەرەنجامی ئەم هەڵمەتەش کوژرانی ٥٨ کەسی لێ کەوتەوە، لەوانە چوارکەسیان سەر بەهێزەکانی ئاسایش بوون. میلیشیایەکی تر بەناوی (الاخوة الصامتة)وەیە کە کاریان پەلاماردانی بانکەکانە، بەمەبەستی کۆکردنەوەی پارەی پێویست بۆ کڕینی چەک و تفاقی سەربازی. هاوکات میلیشیای (نەتەوە ئاری نەژادەکان) دەستیاندایە تەقاندنەوەی ژمارەیەک داوودەزگای گشتی، لەگەڵ تیرۆرکردنی چەند دادوەرێکی فیدراڵی و کارمەندانی خەزێنەی گشتی.

هەرچەندە میلیشیا مەدەنییەکان یاخۆ (میللییەکان) بەدرێژایی مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئارادابوون، بەڵام تەنیا لەساڵی ١٩٨٣ مەترسییان گەیشتە ئەوپەڕی. ئەویش دوای ئەوەی حکومەتەکەی "رۆناڵد ریگان" یاسای (برادی) دەرکرد. دەرکردنی ئەو یاسایەش بۆ ئەوەبوو ئاستێک بۆ بڵاوبوونەوەی چەک لەناو خەڵکانی مەدەنیدا دابنرێت، بەتایبەت دوای ئەو هەوڵی تیرۆرکردنەی رووبەرووی "رێگان" بووەوە.

لەگەڵ دەرچوونی ئەو یاسایەدا، بزووتنەوەیەکی ناڕەزایی میللی بەرفراوان دروست بوو کە راستڕەوە توندڕۆکان و ئەندامانی ئەنجوومەنی پیرانی سەر بە حزبی کۆماری لە پشتییەوە بوون. ئەم بزووتنەوەیە حکوومەتی فیدراڵی بەوە تاوانبار کرد کە ئەو مافە بە هاووڵاتیان نادات، تابتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن و داوای کرد لەهەر ولایەتێکدا بەجیا میلیشیای لۆکاڵی

دروست بکرێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی حکوومـەتی فـیـدراڵی، چونکە ئەو حکوومـەتە دەیەوێت وڵاتە یەکگرتوەکـان ملکەچی دەسـەڵاتێکی تۆتالیـتـاری نویێ بکات، ئەویش لەژێر ناوی (سیستەمی نوێی جیهانی)دا.

یەکـەمین مـیلیـشـیـا بۆ هاووڵاتیـان لـە شـاری (فـۆنتـانا) دروست بوو کـە ژمارەی ئەندامەکانی خۆی لە حەوت هەزار کەس دەدا. دووەمیان لە شـاری مـەشـیگان بوو، ژمـارەی ئەندامـەکـانی شـەش هـەزار کـەس بـوون. دواتر ریپێوان و خۆپێشاندان ویلایەتەکانی (تەکساس، نیوجیرسی و ئیداهۆ) و سـەرجەم ویلایەتەکانی کەناری باسفیکی گرتەوە. هەر هەمووشیان لەژێر یەک دروشمدا کۆبوونەوە: (ئەمەریکا لەبەردەم هەڕەشەدایە).

هەرچەندە ئامارێکی وردو تەواو لەسـەر ژمارەی ئەو میلیشیایانەو ژمارەی ئەندامـەکـانیـان لە بەردەسـتـدا نیـیـە، بەڵام ئەو بزووتنەوەیە توانی (وەک پاڵپشتی) پێنج ملیۆن و نیو ئیمزا لە دژی یاساکانی حکومەتی فیدراڵی کۆبکاتەوە، ئەو یاسانەی دەیانویست چەک لە هاوڵاتییانی ئەمەریکا دابماڵن. ئەڵبـەتە میلیـشـیا میللییـەکـان تەواوی کۆمـەڵگەی مەدەنی ئەمـەریکایی لە خۆیاندا کۆ ناکەنەوە، چونکە ئەم کۆمەڵگەیە هەر بە دەوڵەمەندترین کۆمەڵگە مەدەنییـەکـانی جیهان دەژمێردرێت، لە رووی هەمەجۆری و فرەڕەنگی لە دنیای تازەدا. لەگەڵ ئەوەشدا کە دیاردەی میلیشیا بەیەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دادەنرێت.

ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنی بەتەنیا پەناگەی خێر و چاکە نییە، وەکی هەندێک ئەدەبیات باسی دەکەن و دەیانەوێت بیکەنە ناوەندێکی میـسالی، لە بەرامـبـەریشدا دەوڵەت وەک ئـەهریمەنێک وێنا دەکـەن، چونکە دواجار دەبێت کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی وەک دوو رووی یەک دراو سەیر بکەین. مشتومڕی نێوان ئەم دووانەش (نەک بێدەنگی یەکێکیان لە بەرامـبـەر ئەوی تریاندا)، دەسـتنیـشـانی ئاسـتی گـەشـەسـەندن و بەرەوپێشچوونی پرۆسەی دیموکراسی نەتەوەیەک لە نەتەوەکان دەکات.

سەروەریی نیشتمانی

یەکێک لەو مەسەلانەی تا سەردەمانێکی نزیک بواری دەستتێوەردان و دەسکاریکردنی نەبوو، (سەروەریی نیشتمانی) بوو. تەنانەت وەک هەر شتێکی رەها کە پرسیار هەڵناگرێت، رێگەی ئەوە نەدرا لە پێکهاتە مێژووییەکەی بکۆڵدرێتەوە. شایەنی باسە (سەروەری) وەک مومارەسەیەکی عەمەلی هاوشانی کاروانی مێژووی دەوڵەتان بووە. بەتایبەت ئیمپراتۆریەتە مەزنەکانی وەکی ئیمپراتۆریەتی فیرعەونی و فارسی و رۆمانی و چینی و عەرەبی ئیسلامی، بەڵام چەمکە تیۆرییەکەی سەروەری، تەنیا لەگەڵ بەراییەکانی سەردەمی مۆدێرنەدا بەدیار کەوت و هاتە ئارا. بەتایبەت لەسەر دەستی هەریەک لە "جان بودان" و "تۆماس هۆبز" و دواتریش لە فیکری سەردەمی رۆشنگەری و شۆڕشی فرەنسیدا، شوێنی خۆی گرت.

بیرۆکەی سەرەوەری نەدەبوو وەک چەمکێکی تیۆری لەدایک بێت و بگاتە ئاستی کامڵی و پێگەیشتن، گەر لە ئەوروپادا (ئەوروپای لانکی تازەگەری سیاسی) بەسێ قۆناغی گۆڕانکاری مەزندا تێپەڕ نەبووایە: یەکەم/ ململانێی ئیمپراتۆر و پاپاکان، دووەم/ ململانێی پاشا و ئەمیرەکان، سێیەم/ ململانێی نێوان شاهەنشاکان و میللەتان.

دەکرێت بڵێین بەدرێژایی دوو سەدەی تەواو لە شۆڕشی فرەنسایییەوە ١٧٨٩تا لەبەریەک هەڵوەشانی یەکەتیی سۆڤیەت ١٩٨٩، بیرۆکەی (سەروەریی نیشتمانی) لە سەرووی لیستی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و فەلسەفەی سیاسییەوە بوو. بەوپێیەی تەعبیرێکی یاسایی نموونەیی بوو لە دەسەڵاتی باڵا و بێ سنووری دەوڵەتی نەتەوە لەسەر خاک و میللەتی خۆی. لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە (سەروەریی نیشتمانی) خۆی بەسەر

فەلسەفەی سیاسی و یاسای نێوەدەوڵەتیدا سەپاند و بە هۆکاری هەڵایسانی ئەو جەنگە دانرا، وەها لێکیشدرایەوە کە رەنگ بوو ئەو جەنگە رووی نەدایە گەر رێژیمی نازی، (سەرەوەریی نیشتمانی) دەوڵەتانی ئەوروپایی دراوسێی خۆی وەک نەمسا و چیکۆسلۆڤاکیا و بەتایبەتیش پۆڵەندای پێشێل نەکردایە.

لەماوەی جەنگی ساردیشدا کە جیهان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووبوو، بیرۆکەی (سەروەریی نیشتمانی) هاوتای بەرژەوەندی ستراتیجی هەردوو بلۆکی رۆهەڵات و رۆئاوا بوو. رۆئاوا پێی وابوو (سەروەریی نیشتمانی) بەشێکە لە کەلەپوور و پێکهاتەی ئەو بەهایانەی هەڵگریەتی، بەمەش دەتوانێت رێگە لە بەرفراوانبوونی بلۆکی سۆسیالیستی و پرکێشەکانی بگرێت لە دوای ساڵی ١٩٤٨ەوە.

لە بەرامبەردا یەکەتیی سۆڤیەتیش ئەمەی کردە بەهانەیەک، تا نەهێڵێت رۆئاوا دەست لە کاروباری ناوخۆی وەربدات. بۆ ئەوەی بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەکی نێودەوڵەتی، سیاسەتەکانی خۆی بسەپێنێت. هاوکات وڵاتانی جیهانی سێیەمیش کە تازە لە ژێردەستی کۆلۆنیالیزم رزگارییان بووبوو، جەختیان لەسەر پرەنسیپی (سەروەریی نیشتمانی) دەکردەوە، بە مەبەستی جێپێی قایمکردنی خۆیان وەک دەوڵەتێکی نوێی سەربەخۆ. بەڵام دەبێت بووترێت کە لەپشت دیوارەکانی (سەروەریی نیشتمانی)یەوە، تاوانی زۆر قێزەون ئەنجام درا.

لە جیهانی سێیەمدا زۆر لە وڵاتان، رووەو ستەمکاریی سیاسی و دیکتاتۆریەتی سەربازی و دەسەڵاتی تاک حزبی چوون و دەستیان کرد بە سەرکوتکردنی هێزە دیموکراسی و شۆڕشگێڕەکان. هاوکات مافەکانی مرۆڤ پێشێل کران و پێڕەوی پاکتاوکردنی نەژادیش کرا.

لە جیهانی سۆسیالیستیشدا تۆتالیتارییەتێکی شەڕانگێز هاتە ئاراوە،

تۆتالیتارییەتێک کە لەگەڵ خۆیدا (گولاگ)ەکانی هانی و لە ڕێی حوکمی ئاگر و ئاسن و بەزنجیری تانکەکان، شۆڕشی گەلانی مەجەڕ ١٩٥٦ و ڕاپەڕینەکانی گەلی پۆڵەندا ١٩٥٦ و ١٩٧٠ و قەسابخانەی بەهاری پراگی ١٩٦٨ ئەنجام دا. هەروەها دوو ملیۆن کەس لە کەمبۆدیا و بیست ملیۆن کەس لە چین، لە سەردەمی (شۆڕشی ڕووناکبیری گەورەدا) لەناو بران.

ڕۆئاواش سەرەڕای دیموکراسیبوونی لەو تاوانانە بەدەر نەبوو، هەر لە دروستبوونی دیکتاتۆریەتەکانی پورتوگال و ئیسپانیاوە تا شەڕەکانی ڤێتنام و جەزائیر.. هتد. کە ملیۆنان قوربانی لێ کەوتەوە. جگەلە (ماکارتیەت) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە توێژی ڕۆشنبیرانی دووچاری گەورەترین نەهامەتی کرد.

بەڵام لە سەرەتای نەوەتەکانەوە و لەگەڵ هەرەسی بلۆکی ڕۆهەڵاتدا گۆڕانێک ڕووی دا، وەک ئەوەی چەمکی (سەروەریی نیشتمانی) ڕۆڵی خۆی تەواو کردبێ و پێویستی بەوە هەبووبێت تا چاوی پێدا بخشێنرێتەوە، لە بەرامبەریشدا چەمکێکی تر هاتە ئارا کە چەمکی (مافی دەستێوەردان) بوو. بەمەش پرەنسیپێکی تازە هاتە ئارا و ئەو پرەنسیپە تازەیەش تەئکیدی دەکردەوە لەوەی دەوڵەت و دەسەڵاتدارانی دەوڵەت لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیاندا ئازادی رەهایان نییە، بگرە یاسایەکی نێودەوڵەتی هەیە پێویستە پابەند بن پێیانەوە.

هاوکات ڕێکخراوی نێودەوڵەتیش هەیە کە پێویستە دەوڵەت لە بەرامبەریاندا، دەستبەرداری بەشێک لە سەروەریی خۆی بێت. پشت ئەستوور بەو قەناعەتەی پێی وایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەمەش چەمکێکی تازەیە، مافی ئەوەی هەیە دەست وەرداتە کاروباری ناوخۆیی هەر دەوڵەتێک، گەر هەست بەوە کرا ئەو دەوڵەتە سەرپێچی هەندێ یاسا و بنەمای کردووە کە دەوڵەتانی جیهان بڕیاریان لەسەر داوە.

ئەوەی لەم چەند ساڵەی دواییدا بە ئاشکرا دیارە، ئەوەیە دەوڵەت تەنیا بکەرێک نییە لەسەر شانۆی جیهانی، بگرە لە پاڵ ئەودا نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و سندووقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی دەولی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ژینگە پارێزەکانیش هەن. واتە دەوڵەتێک نییە ئازادی خۆی لە سیاسەتە ئابوورییەکانیدا، یاخۆ لە سیاسەتی ئاسایشی ناوەخۆی خۆیدا هەبێت و هیچ دەوڵەتێک نییە خاوەن سەروەریی یاسایی تەواو بێت.

ئەوەتا دەوڵەتێکی وەک شیللی دەستەوسانە حەسانەتێکی یاسایی بۆ "ئۆگستۆ بینوشێ"ی سەرۆکی پێشووی دابین بکات، یان ئەوەتا حکوومەتی لیبیا ناچار دەکرێت دوای ماوەیەکی زۆر ئەو هاوولاتییانەی تاوانبارن بەکێشەی لۆکەربی، تەسلیم بەدادگا بکات تا لەبەردەم دادگایەکی بیانیدا دادگایی بکرێن.

بەم جۆرە هیچ دەوڵەتێک ئازاد نییە لەوەی، کەمە نەتەوەکانی ژێردەستی خۆی بچەوسێنێتەوە. ئەوەتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار بوو دوو جار بچێتە یوگوسلاڤیاوە، تا ڕێگە لەو پرۆسەی پاکتاوکردنی نەژادییە بگرێت کە لەوێدا ئەنجام دەدرا. هاوکات دەوڵەتان مافی ئەوەشیان نییە ژینگە پیس بکەن، گەر نا ئەوا دووچاری لێپرسینەوە دەبن.

ئەو فشارە زۆرانەی لەسەر حکوومەتی بەرازیلی و حکوومەتەکانی ڕۆهەلاتی ئاسیا هەیە، بەو مەبەستەیە تا دارستانەکانی ئەو ناوچانە بپارێزن و تێکیان نەدەن. وەک چۆن هەمان فشار لەسەر ولاتانی ئەمەریکای باکور و ئەورووپای ڕۆژئاوا هەیە، تا بەهۆی پاشماوەی کارگە پیشەسازییە زەبەلاحەکانیانەوە، ژینگە پیس نەکەن و نەبنە هۆی کونکردنی چینی ئۆزۆن. هەروەها لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانیشەوە پێویستە دەوڵەتان سیاسەتێکی نوێ بگرنەبەر، ئەوەبوو ساڵی ١٩٩٤ کۆنگرەی قاهیرە سنوورێکی بۆ

قەبەبوونی دیموگرافی و زیادبوونی دانیشتوان دانا.

هەرچەندە ئەمڕۆ بەزەقی ئەوە دەبینین کە بیرۆکەی (سەروەریی نیشتمانی)ی ڕەهای دەوڵەتان لەق بووە و وەکی خۆی نەماوەتەوە، بەڵام ئەوەشی لە مرۆدا روو دەدات وامان لێ دەکات بڵێین: (جیهان لەبەردەم ئەگەرێکی وادایە تا لە سبەینێدا زیاد لە هەرکاتێکی تر ببێتە خاوەن سەروەرییەک).

پۆست ـ کۆمۆنیزم لە ئەورووپا

پرسیاری (پۆست- کۆمۆنیزم)، پرسیارێک نییە بۆ جیهانی عەرەبی هیچ گرینگییەکی نەبێت.. ئەگەرچی ئەوە ڕاستە کە وڵاتانی عەرەبی ڕاستەوخۆ ئەزموونی کۆمۆنیزمیان نەناسیوە، بەڵام چەند وڵاتێکیان لە ڕێی کۆدێتا و شۆڕشەوە سیستەمی سیاسی و ئابووری وەهایان بەخۆیانەوە بینیوە کە کەم تا زۆر پێڕەوی دەستکەوت و ئەزموونە کۆمۆنیستییەکانیان کردووە، بەتایبەت لەو بوارانەی پێوەندییان بەسیستەمی تاک حزبی و ئابووری بە بەرنامە و خۆماڵیکردن و گرینگیدانی تەواو بە کەرتی گشتییەوە هەیە.

لێرەوە پێ دەچێت پرسیاری (پۆست کۆمۆنیزم)، پرسیاری ساتەوەختی ئێستا بێت لە تەواوی وڵاتانی عەرەبیدا. چونکە لە کاتێکدا سەرجەم وڵاتانی ئەورووپای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵات پرۆسەی خۆقوتارکردنیان لە کۆمۆنیزم بەئەنجام گەیاندووە، کەچی سیستەمە سۆسیالیستییە عەرەبییەکان کە زڕخوشکی سیستەمە کۆمۆنیستییەکانی یەکەتیی سۆڤیەتی جارانن، هیچ یەکێکیان- جگە لە میسر- هەنگاوێکی بەرچاویان نەناوە بەرەو (پۆست سۆسیالیزم).

تائێستاش سیستەمی تاک حزبی ڕێگرە لەبەردەم دیموکراسیدا و کەرتی گشتیش (سەرەڕای فشۆڵی)، هەر ستایشی ئایدیۆلۆجی دەکرێت و دەوڵەتی بیروکراسی و تۆتالیتاریش بەردەوام هەموو دەستپێشخەرییە تایبەتییەکان ڕەت دەکاتەوە و کۆسپە لەبەردەم دروستبوونی هاووڵاتی و تاکەکەسدا. گرینگیی ئەزموونی مێژوویی ئەو حەوت وڵاتەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات کە توانییان لە کۆمۆنیزم بێنە دەرێ لێرەدایە. مەبەستمان لەو حەوت وڵاتەش ئەوانەیە کە سیستەمی سۆڤیەتییان کۆپی کردبوو: (بولگاریا و هەنگاریا و

پۆڵەنداو رۆمانیا و چیک و سلۆڤاکیا و ئەڵمانیای رۆهەڵات).

یەکەمین شتێ لێرەدا جێی سەرنج بێت ئەوەیە، ئەم حەوت وڵاتەی کە پەیڕەوی سۆسیالیزمێکی بەسۆڤیەتیکراویان کرد، بەهۆی داگیرکردنی راستەوخۆیانەوە لەلایەن سوپای سووری سۆڤیەتییەوە لە کۆتایی دووەم جەنگی جیهانیدا، زۆر زووتر خۆیان لە تەوقی کۆمۆنیزم راپسکان و خێراتر لەو وڵاتانە لێی هاتنە دەرێ کە بەهیچ شێوەیەک سوپای سوور پێی نەنابووە وڵاتەکانیانەوە. نموونەکانیان وەک: (ئەلبانیا و یۆگۆسلافیای پێشوو). وەک ئەوەی بەلای ئەو وڵاتانەوە ئاسانتر بووبێت کە سۆسیالیزم وەک جەستەیەکی نامۆ و دروستکراو ناو بێنن.

دووەم تێبینی ئەوەیە: ئەو حەوت وڵاتە بەیەک شێوە و لەیەک کاتی دیاریکراودا لە کۆمۆنیزم نەهاتنە دەرێ . ئەم وڵاتانە لەبەرئەوەی بواری ئەوەیان نەبوو رێگەیەکی ناسیۆنالیزمانە بەرەو سۆسیالیزم بگرنەبەر، ناچاربوون بەوەی تۆڵەی خۆیان بەدۆزینەوەی رێگەیەکی ناسیۆنالیستانە لە کۆمۆنیزم بکەنەوە و هەوڵی سەرلەنوێ چوونەوە ناو کەپیتالیزم بدەن. هەوڵێکی لەم جۆرە بەرەوتی هەنگاونان بەرەو دیموکراسی و پلۆرالیزمی سیاسییەوە دیاربوو. دوو هۆکاری سەرەکیش جڵەوگیری ئەم رەوتەیان دەکرد:

یەکەم: بوون یان نەبوونی هێزی ئۆپۆزسیۆن لەو وڵاتانەدا .

دووەم: بارودۆخی ناوەخۆیی پارتە کۆمۆنیستە حوکمڕانەکان و هەبوونی هێزی ئۆپۆزسیۆن لەو قۆناغەکانی پێشتر، بەڵگەیەک بوو بۆ ئەوەی بەرەو پێشچوون لە دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنیدا رووی داوە. سەرەڕای ئەوەی حزبە کۆمۆنیستە فەرمانڕەواکان دەیانویست دەسەلات پاوانی خۆیان بێت، بەبێ بەشداریکردنی فیعلی هیچ هێز و لایەنێکی تر.

ئەو بزاوت و جمـوجـووڵ و یاخیبوونانەی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٨ و

١٩٨٩دا زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆهەڵات بەخۆیانەوە بینی، هێمای ئەوە بوون کە کۆمەڵگەی مەدەنی وەک یەک و بەیەک ئاست بەرامبەر بەدەوڵەت گەشەیان کردووە و بەرەوپێش چوون.

بۆ نموونە ئەڵمانیای ڕۆهەڵات لە دەیەی هەشتاکاندا نەبێت، هێزی ئۆپۆزسیۆن تێیدا ئامادەگیی فیعلی و بەرچاوی نەبووە. ژمارەی ئەندامانی ئەو گرووپە ئۆپۆزسیۆنە بچووکانەش بەهەر هەموویان، لە دە تا پازدە هەزار کەسێک تێپەڕی نەدەکرد. بانگەشەی دیموکراسی لە ناوەوەڕا کۆمەکی بە هاووڵاتییانی ئەڵمانیای دیموکراتیزەکردنی وڵات، بگرە ئەوەی بەو کارە هەڵدەستا (براکانیان) بوون لە ئەڵمانیای ڕۆئاوا. لە چیکۆسلۆڤاکیاش ئۆپۆزسیۆن تایبەت بوو بە دەستەبژێرێکی ڕۆشنبیر (گەلاڵەنامەی ٧٧) و تێکەڵ بەچینی کرێکاران نەبووبوو.

لەناو ئەم وڵاتانەدا بەتەنیا پۆڵەندا (لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە) بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی ئۆپۆزسیۆنی بەخۆیەوە بینی، ئەویش لە ڕێگەی لێژنەی هاریکاریکردنی کرێکاران و پاشان لەڕێی سەندیکای (هاوکاری)یەوە کە نوێنەرایەتی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرفراوانی دەکرد و ژمارەی ئەندامەکانی دەگەیشتە دە ملیۆن کەس.

لەبەرئەمە بوو پۆڵەندا بەتەنیا بەر لە هەرەسی کۆمۆنیزم، چەندین گۆڕانکاری و چاکسازیی ئابووری بەخۆیەوە بینی. ئەمە لە کاتێکدا چیکۆسلۆڤاکیا جگە لە هەوڵێکی شکست خواردوو (لە بەهاری پراگی ١٩٦٨دا)، هیچی تری بەخۆیەوە نەبینی. ڕۆمانیاش لای خۆیەوە لەبەرئەوەی هیچ بزاوتێکی کۆمەڵایەتی تێدا گەشەی نەکرد، ئەوا هیچ هەوڵێکی بۆ ریفۆرمی ئابووری بەخۆیەوە نەبینی. هەربۆیە هەنگاوەکانی بەرەو دیموکراسی زۆر خاووخلیچک و درەنگ وەخت بوو. هەلومەرجی بولگاریاش وەک ئەو وڵاتانەی تر وابوو، واتە بەر لە ساڵی ١٩٨٩ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هیچ

ئامادەگییەکی ئەوتۆی لەو وڵاتەدا نەبوو.

ئەمە هۆکاری یەکەم بوو. هەرچی هۆکاری دووەمیشە، ئەوا پێوەندیی بەگۆڕانی ناوەخۆیی حزبە کۆمۆنیستەکانەوە هەبوو. لێرە پێویستە جیاوازی لە نێوان سێ حاڵەتەکەدا بکەین:

یەکەم: دۆخی ئەو وڵاتانەی حزبە کۆمۆنیستەکانیان هیچ ئاقارێکی ریفۆرمیستیان تێدا دروست نەبووبوو، هەر ئەمەش بوو (بۆ نموونە لە چیکۆسلۆڤاکیا) بووە مایەی ژێرەوژووربوونی حزبی دەسەڵاتدار لە ساڵی ١٩٨٩دا.

دووەم: دۆخی ئەو حزبانەی بەر لە رووداوەکانی ١٩٨٩ باڵی ریفۆرمیستییان تێدا دروست بوو، نموونەی وەک حزبی کۆمۆنیستی پۆڵەندی و حزبی کۆمۆنیستی هەنگاری. هەر ئەمەش وای کرد لەم دوو وڵاتەدا حزبی کۆمۆنیست بتوانێت رێگەچارەیەکی مام ناوەندی لە نێوان دەسەڵاتدارانی پێشوو و ئۆپۆزسیۆندا بدۆزێتەوە.

سێیەم: بارودۆخی ئەو حزبە (کۆنکرێتییانە)ی دژایەتییەکی توندی سیاسەتە چاکسازییەکانی "گۆرباچۆڤ"یان دەکرد و تادوا چرکەش ئامادە نەبوون، دەستبەرداری دەسەڵاتی حوکمڕانی خۆیان بن. هەربۆیە لە رۆمانیا و بولگاریادا بەبڕیارێکی (سەرەوە)، لە کۆمۆنیزم هاتنە دەرێ و لە ئەڵمانیای رۆهەڵاتیش بەخۆبەدەستەوەدان بە ئەڵمانیای رۆئاوا شکایەوە.

لێرەوە جیاوازی نێوان نموونەی رۆمانیا و پۆڵەندا، ئاماژە و دەلالەتی تایبەتیی خۆیان هەیە. ئەوەتا "چاوشیسکۆ" زۆر کەللەڕەقانە هەموو جۆرە دانوستانێک رەت دەکاتەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی لەدەستدانی ژیانی، بەڵام ژەنەراڵ "جارۆزلسکی" کە دەستێکی باڵای لە سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆنی پۆڵەندادا هەبوو، لە دوا ساتدا بەخۆی راگەیشت و توانی لە رێی دانوستان و دابەشکردنی دەسەڵاتەوە سەر سەلامەت و رووسوورانە بێتە دەرێ.

سەرەنجام حزبی کۆمۆنیست ٦٥٪ کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی بۆ مـایەوە و لە ٣٥٪ی تریشی بەر پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان کەوت، هەرچی کورسییەکانی ئەنجوومەنی پیرانیشە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە کۆنترۆڵ کران.

جیاوازی لە نێوان پۆڵەنداو رۆمانیادا گەیشتە ئەو ئاستەی "جارۆزلسکی" کە بۆ سەرۆکایەتی ولات هەڵبژێردرا، سەرەڕای ئەوەی ئەمینداری گشتی حزبی کۆمۆنیستیش بوو، ساڵی ١٩٨٩ ئەندامانی سەندیکای هاوکاری بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرنە دەست و بەساڵێک دوای ئەوەیش دەستی لە کار کێشایەوە.

ئەم هەوڵە تایبەتییەی کە پابەندی نموونەیەکی لەوەوپێشتر نەبوو بۆ هەنگاونان بەرەو دیموکراسی و پلورالیزمی سیاسی، لەو ئەگەرە ئابوورییانەشدا بەدەرکەوت کە هەر حەوت ولاتەکە لە ساڵی ١٩٩٠ تاقییان کردەوە (بەڵام بەئاستی جیاواز لە یەکتری). بەمەبەستی رزگارکردنی ئابووری نەتەوەیی لە چنگی سیاسەتی ئابووری نائەقڵانی رێخۆشکردن لەبەردەم ئەو هەوڵە فەردی و دەستەجەمعییانەی بەرپرسانە رەفتار دەکەن، ئەویش لە رێگەی دەستبەرداربوون لە سیاسەتی خۆماڵیکردن و گواستنەوە لە کەرتی گشتییەوە بۆ کەرتی تایبەت.

دەکرێت بڵێین چیکۆسلۆڤاکیا توانی جۆرە رێگایەکی نەتەوەیی بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی کەرتی گشتی بەکەرتی تایبەتی بگۆڕێت. ئەم پرۆسەیەش بەوە کرا کە ٩٢٪ هاولاتییانی چیک و سلۆڤاکیا بەشدارییان تێدا کرد، لە کۆی ٤٤٠٠ پرۆژەی ئەو ولاتە ٣٤٠٠ درانە کەرتی تایبەت و سندووقی نەتەوەیی بۆ مولکایەتیش لە کۆی بەهای ئەو پرۆژانەی وەکی گەرەنتییەک تەرخان کرابوون بۆ بەهەدەرنەدان و پاراستنیان لە فەوتان، تەنیا ٢٠٪ی لە دەستی خۆیدا هێشتەوە.

لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتدارانی ئابووریی ئەڵمانیای رۆئاوا کە پێڕەوی

نموونـەی ئەڵمـانـی ڕۆئاوایان دەکـرد، دوودڵ نەبـوون لەوەی دەست لـە پڕۆژە دۆڕاوەکـان هـەڵگرن و (لە کـۆی ١٢٣٠٠ پـرۆژە ٣٧٠٠ پڕۆژە بکـەنە کـەرتی تایبـەت)، ئـەمـەش رسـیککردنێک بوو کە رێژەی بێکاری لەو وڵاتـەدا گەیاندە دوو هێندەی کۆماری چیک و سلۆڤاکیا.

هـەرچی پۆڵەنداشـە کە سـەندیکا کرێکارییـەکان ئامادەییـەکی بەرچاویان هەبوو، زۆر دوودڵ بوو لە گۆڕینی پڕۆژەکان لە کەرتی گشـتییـەوە بۆ تایبەت. لە کۆی پڕۆژە گشتییـەکانی ئەو وڵاتە کە ژمـارەیان ٥٢٠٠ پڕۆژە بوو (تەنیا ٦٥٪ درانە کـەرتی تایبـەت)، ئەویش لە پێناو بەرزبوونـەوەی رێژەی بێکاری و ڕاگرتنی ئارامیی باری کۆمەڵایەتی.

بەڵام پۆڵەندا لەبـەرئەوەی بەهـۆی گـەشـەی بـەهێزی کـۆمـەڵگەی مـەدەنییـەوە بڕوا و متـمانەی بەخـۆی هـەبوو، چاونەترسـانەتر لە تەواوی وڵاتـانی ئەورووپای ڕۆهـەڵات دەرگەکانی لەبەردەم سـەرمایـەی بیانیدا کـردەوە. تاکۆتایی سـاڵی ١٩٩٦ بڕی ٥٤٣٥ ملیـۆن دۆلار سـەرمـایـەی بیـانـی هاتە ئەو وڵاتـەوە، بەڵام وڵاتـانی تری ئەورووپای ڕۆئاوا کە بەدەست فشـاری بیرۆکراسـییـەوە گیرۆدە بوون، تەنیا ٥/١ لەو بڕە سـەرمایەی پۆڵەندایان هێنایە وڵاتەکانیانەوە.

بۆ نموونە تا سـاڵی ١٩٩٦ بولگاریا و ڕۆمـانیا رێگەیان دا تەنیا بڕی ٤٤٦ و ١٢٤٥ ملیۆن دۆلار بێتە وڵاتەکانیـانەوە. بەڵام دواجار ئەقڵانییەتی ئابووری و هـەروەها کرانەوە بوونە ئەمری واقیـع و خـۆیان سـەپاند، ئەوەبوو لە سـاڵی ١٩٩٧ بولگاریا و ڕۆمـانیـا ٤٨٩ و ١٢١٥ ملیـۆن دۆلاریان بـۆ هـات، ئەمـەش بڕە پارەیەکـە بەقـەد کـۆی ئەو بڕە پارە بیـانیـیـانـە دەبێت کـە لە ١٩٩٠ وەتا ١٩٩٦ هـاتووەتە ئەو دوو وڵاتەوە.

کۆتاییی تاڵیبان

لەبارەی سەردانەکانی بۆ بلووجستان و ئەفغانستان و بنجاب، بەرلەوەی لە ساڵی ١٨٣٩ لەلایەن بەریتانیاوە پەلامار بدریت، گەریدەی بەریتانیای "چارلز ماسۆن" دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (ئەوەی بە موسڵمانانی هیند و ئێران و تورکیا و حوکم و بڕیارە ئاینییە پێشوەختەکانیان و سەرچاوەی رک و بێزاری ئەوان ئاشنا بێت، بێ قەید و مەرج سەری سوڕدەمێنێ کە دەبینێ دانیشتوانی کابول هیچ یەک لەو خەوش و کەموکوڕیانەییان تێدا نییە، بگرە ئەوان زۆر بەڕێزەوە دیانەکان بە ئەهلی کیتاب دەزانن و لە کابولدا دەبینیت زۆرێک لە ئەرمەنییەکان، پێوەندییەکی چۆنیەک و هاوسەنگیان لەگەڵ موسڵمانەکانی ئەو شارەدا هەیە). کەواتە ئێستا چۆن چۆنی دەتوانین لەوە حاڵی بین کە ئەفغانستان دوای سەدە و نیوێک لەسەر ئاستی جیهانی، بووەتە سمبولێکی بێزراوی داخرانی ئاینی و دەمارگیریی مەزهەبی و توندڕۆی ئسووڵی؟

وەلامێکی حازر بەدەست کە بەرۆکمان پێ بگرێت ئەوەیە، کە هۆکاری ئەو وەرگۆڕانە تاڵیبانە. بەلام خودی تاڵیبان بەر لە ساڵی ١٩٩٤ لەو ولاتەدا بوونیان نەبوو. هەربۆیە دەبێت لەبری ئەوەی شتەکان بەتاڵیبان تەفسیر بکەین، خودی تاڵیبان خۆیان پێویستییان بەوە هەیە تەفسیر بکرێن. لەبەرئەوەی تاڵیبان دیاردەیەکی سروشتیی ئەفغانی نین، هێندەی نموونەیەکن بەرهەمی دیاردەیەکی دروستکراون.

سەرەتای تاڵیبان دەگەڕێتەوە بۆ "مەلا عومەر"، ئەم پیاوە کە بنەچەیەکی جووتیاریی سادە و ساکاری هەیەو ساڵی ١٩٥١ لە یەکێک لە گوندەکانی ناوچەی قەندەهار (لە کتێبەکانی کەلەپووردا- کەندەر-ی پێ دەڵێن)

هاتووەتە دنیاوە، هەر لە سەرەتای لەشکرکێشییەکەی یەکەتیی سۆڤیەتەوە بۆ ئەفغانستان، پێوەندی بە بزووتنەوەی چەکداری ولاتەکەیەوە دەکات و زۆریش نابات دەگاتە پلەی موقەدەم. دوای ئەوەی بەخەستی بریندار دەبێت و چاوێکی لەدەست دەدات، ناچار دەبێت لە شاری پێشاوەری پاکستانی کە نزیک بە سنوورەکانی ئەفغانستانە جێگیر بێت.

لەوێدا دەست دەکات بە خوێندنی بناوانی زانستیی ئسوولّی ئاین و نازناوی (مەلا) وەردەگرێت. پاشان هەر دوای ئەوە لە ناوچەی قەندەهار دەست دەکات بە کردنەوەی قوتابخانەیەک، هاوشێوەی هەزاران لەو قوتابخانە ئاینییانەی لە سەرتاسەی پاکستاندا هەبوون. ئەم قوتابخانانە رۆژ بەرۆژ ژمارەیان لە زیادبووندا بوو، تا لە دە هەزار قوتابخانە تێپەڕی کرد. هەموو ئەمانەش لە پێناو مۆبێلیزەکردنی ئاینی و بەرخوردێکی کولتوورییانەدا بوو، دژ بە داگیرکاری سۆڤێتییەکان لە ئەفغانستانی دراوسێیاندا.

لەوانە بوو "مەلا عومەر" تەنیا وەکی بەڕێوەبەری خوێندنگەیەکی قورئان بمابایەتەوە، گەر بهاتایە لەو ماوەیەدا ١٩٩٣- ١٩٩٦ "بەنازیر بۆتۆ" جڵەوی دەسەلاتی لە پاکستاندا نەگرتایە دەست. "بەنازیر"ی کچی سەرکردەی مێژوویی "زولفەقارعەلی بۆتۆ"و سەرکردەی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی پاکستان کە لەسەر عەلمانییەکان مالّ بوو، لەو کاتەدا و بۆ رووبەڕووبوونەوەی نەیارە سیاسییەکانی لە ولاتدا، پێویستی بەوە بوو شەرعییەتی خۆی لە رووی ئاینییەوە زیاتر و زۆرتر بسەلمێنێ . بەم جۆرە هاوپەیمانێتی لەگەلّ (کۆمەڵەی زانایانی ئیسلامی)دا بەست کە نەیارێکی سەرسەختی (کۆمەڵی ئیسلامی) بوو، (کۆمەڵی ئیسلامی)یش لای خۆیەوە هاوپەیمانێکی ئاینیی دیکتاتۆری پێشووی پاکستان ژەنەرالّ "ضیا ء الحق" بوو.

رابەری (کۆمەڵی زانایانی ئیسلامی) مەولانا "فضل الرحمان"، پێوەندییەکی توندوتۆڵی بە سوپا و دەزگای ئیستخباراتی سەربازی و

بەوەزیری ناوەخـۆ "نصـر الله بابد"ەوە هەبوو کـە بە رەگـەز پەشـتـۆنی بوو. بەهاوکاری نێوان ئەم سێ لایەنە، بڕیارێکی ستراتیجی درا بە بەکارهێنانی کارتێکی نوێ لە ئەفغـانسـتـاندا. بەتایبـەتی پاش ئـەوەی ئەو وڵاتە لە دوای کشانەوەی سوپای سووری سۆڤێتییەوە، بووە گۆڕەپانی شەڕێکی خوێناویی سەرتاسەری لە نێوان میلیشیا ئیسلامییەکاندا.

تا سـاڵی ١٩٩٣ "گولبەدین حیکمەتیار"ی سـەرکردەی حزبی ئیسلامی کە زۆربەیان لە پەشتـۆنییـەکان بوون، پیاوی یەکەمی پاکسـتـانییـەکان بوو لە ئەفـغـانسـتـاندا، بەڵام لەبەرئەوەی "حـیکمـەتیـار" سـەرەڕای هەمـوو ئەو یارمەتییانەی پاکستان بە درێژایی بیست ساڵ پێشکێشی کرد، نەیتوانی دەسـەڵات لە سـەرۆکی بەرەچەڵەک تاجـیکی "بورهانەدین رەبانی" کـە هاوپەیمانی "شا مەسعود" بوو وەربگرێت و ئەفغانسـتان یەک بخاتەوە و بارودۆخەکە ئاسایی بکاتەوە، بڕیار درا دەستبەرداری بن و کەسێکی نوێ لەجـێی دابنێن. بەمـەرجـێک ئەو کـەسـە بەدوور بووبێت لە هەمـوو ئەو بەدڕەفتاری و خراپەکارییانەی میلیشیا چەکدارەکانی ئەفغانسـتان ئەنجامیان دابوو. چونکە دواجار ئەو چەکدارانە بوونە کە کۆمەڵێک چەتە و ڕێگر و کار و پیشەیان بووبووە کوشتن و ئاودیوکردن و لاقەکردن و سەندنی سەرانە، لە سەدان شۆفێری ئەو لۆرییە بارهەڵگرانەی لە سنوورەکانی نێوان پاکستان و ئەفغانستاندا خەریکی کارکردن بوون.

هەنگاوی یەکەمی ئەم وەرگـۆڕانە سـتراتیـجـیـیەش، پێکدادانێکی نێـوان شـۆفێری میلیشیا چەکدارەکانی ناو قەندەهار بوو. لەم سەروبەندەدا "مەلا عـومـەر" و خـوێندکـارەکـانی بەشـداری ئـەو مـەسـەلەیەیان کـرد، بۆ ئەوەی ئاستێک بۆ سەرەڕۆیی و کارە نابەجێیەکانی ئەو میلیشیانە دابنێن.

بەم جۆرە بزووتنەوەی تاڵیبان هاتە ئارا و بەخێراییەکی سەیر تەنییەوە، لەگەڵ دەستبەکاربوونیشیاندا بەڵێنی ئەوەیان بە خەڵکی ئەفغانستان دا کە لەدەست ئەو پشێوی و نائارامییەی رابردوو قوتاریان بکەن. ئەم کـارەش

بەلای بزووتنەوەیەکی تازەی وەکی تاڵیبانەوە هێندە گران نەبوو، بەتایبەتی کە لەلایەن دەزگای ئیستخباراتی پاکستانەوە بە پارە و چەک و هێزی سەربازییەوە پشتیوانی دەکرا و توانی لە ماوەیەکی کورتخایەندا، سەرکەوتنی گەورە و خێرا بەدەست بهێنێت. ئەمەش بەس بوو بۆ ئەوەی ئەفغانییەکان ئومێدی ئەوەیان پێیان هەبێت، تا لەو هەلومەرجە ناهەموارە قوتاریان بکەن.

گرووپە چەکدارە پەشتۆنییەکان بەهۆی ئینتمای ئەتنیکی و هەروەها بەهۆی هەلپەرستییانەوە دایانە پاڵ تاڵیبان، تەنانەت ئەفسەرە کۆمۆنیستە کۆنەکانیش پێوەندییان پێوە کردن و چەندین تۆپ و زرێپۆشیان تەسلیم کردن. لە شەڕێکی کتوپڕ و لەناکاودا، تاڵیبان توانی بەهێز و تفاقێکی سەربازیی زۆرتر و هاوپەیمانێتی تازەترەوە، ڕۆئاوای ئەفغانستان داگیر بکات و دەست بەسەر (هراة)دا بگرێت.

هەروەها کابوڵی پایەتەختیشیان کەوتە دەست، لە پاش ئەوەی هێزەکانی "بورهانەدینی رەبانی و ئەحمەد شا مەسعوود" بەبێ شەڕ شارەکەیان چۆڵ کرد و کشانەوە. بەڵام "مەلا عومەر" هەر بەتەنیا داشی دامە نەبوو، بگرە لە هەمان کاتیشدا خاوەنی پرۆژە بوو. ئەوەبوو هەر هێندەی هێزەکانی چوونە ناو کابوڵەوە، ئیتر خۆی کردە (أمیر المؤمنین)و دەستی بەدارشتنی بنەماکانی دەوڵەتێکی ئیسلامی کرد.

ساڵی ١٩٩٧ لە دیدارێکی رۆژنامەنووسیدا، "مەلا عومەر" بەم شێوەیە سروشتی کۆمارە یۆتۆپییەکەی دەستنیشان کرد: (تاڵیبان دەتوانێت ببێتە نموونەیەک بۆ تەواوی گەلانی ئیسلامی، ئەو قسەیە راست نییە کە دەڵێت جگە لە نموونەی ڕۆئاوا نموونەیەکی تر لە ئارادا نییە.. جیهانی ڕۆئاوا خۆی لە قۆناغی کۆتایی و گیانەلادایە و بانگەشەی ئەوە دەکات پێویستی بە یەزدان نییە. ئەوەی راستی بێت سەرزەمینی ڕۆئاوا جگە لە مەملەکەتی شەیتان هیچی تر نییە. رووداوی گەورە و گرینگ لەمرۆدا دروستکردنی

کۆمپیوتەر و ئامێرە پووچەکانی هاوشێوەی نییە، بگرە نوێکردنەوەی ئیسلام و سەرلەنوێ تازەکردنەوەی پەیامەکەیەتی کە بریتییە لە: قوتارکردنی جیهان لەو جاهلیەتەی تێی کەوتووە، لەگەڵ سەرلەنوێ بەشارستانیکردنەوەی مرۆڤایەتی پاش ئەوەی چووبووە دۆخێکی بەربەرییانەوە).

لە چوارچێوەی ئەم نوێکردنەوە تیۆلۆجییەدا، شتێکی ئاسایی بوو وەزارەتی (الامر بالمعروف والنهي عن المنكر) دابمەزرێنێت و ئەولەویەتی رەهای هەبێت. ئیتر ئەو رێوشوێنانەی حکومەتی تاڵیبان دەیگرێتەبەر خەسڵەتێکی سیاسی یان ئابوورییان نابێت، بگرە سەرلەبەریان سروشتێکی ئەخلاقییان دەبێت.

تاڵیبان لەگەڵ دەستبەکاربوونیان و بەر لە هەر شتێ، دەست دەکەن بەقەدەغەکردنی سینەما و تەلەڤزیۆن و ڤیدیۆ و رێگەگرتن لە مۆسیقا و گۆرانی و سەماکردن- تەنانەت گەر سەماکەرەکانیش پیاوان بن-. هەروەها سانسۆر دەخەنە سەر حەز و ئارەزووی گەورە لای ئەفغانییەکان و منداڵەکانیان کە ئەوانیش کۆتربازی و هەڵدانی کۆلارەیە. تاڵیبان هەر بەوەندەوە نەوەستان و کەوتنە داخستنی گەرماوە گشتییەکان و ناچارکردنی پیاوان بەوەی سەریان بتاشن و ریشیان درێژ بکەنەوە، بە جۆرێک درێژی لە بستێک کەمتر نەبێت.

هاوکات فەرزیان کرد کە دەبێت زیناکاران سزای رەجمکردنیان بەسەردا جێبەجێ بکرێت و ئەو پیاوانەشی دزی دەکەن دەستی راست و قاچی چەپیان ببڕێتەوە. دواجاریش دەبێت ژنان بەرگی (شادری) بپۆشن، (شادری جلوبەرگێکە هەموو گیان دادەپۆشێت، لە تەوقی سەرەوە تا نووکی پێ و تەنیا کونی چاویان بەدەرەوە دەبێت). ژنان لەگەڵ پۆشینی ئەو بەرگەشدا نابێت بەبێ پیاوێکی مەحرەم بچنە دەرەوە و رێگەشیان پێ نادرێت بخوێنن و کار بکەن، تەنیا لە بواری پزیشکی ژناندا نەبێت. ئەم بڕیارەی دواییان

بەشێوەیەکی تایبەت کاریگەری گەورەی لەسەر ژنانی کابوڵ هەبوو، چونکە ئەو ژنانەی لەو شارەدا بێوەژن کەوتبوون و مێردەکانیان لە شەڕدا کوژرابوون، ژمارەیان دەگەیشتە پەنجا هەزار و ڕێگرتنی کارکردن لەم ژمارە زۆرەش، مانای خولْقاندنی بارودۆخێکی تراجیدی و ترسناک بوو.

تاڵیبان تەنیا دوو چالاکی ئابوورییان لەو وڵاتەدا قەدەغە نەکرد، ئەویش چاندنی حەشیشە و ئاودیوکردنی بوو.. بەرهەمی تلیاک کە باجی حکوومی دەیگرتەوە، لە نێوان ساڵی ١٩٩٢ بۆ ١٩٩٩ بڕی بەرهەمهێنانی لە٢٢٥٠ تەنەوە زیادی کرد بۆ ٤٦٠٠ تەن. ئاودیوکردنی ئامێرەکانی وەک (جلشۆر و تەلەڤزیۆن و ڤیدیۆ و کامێرای وێنەگرتنی یابانی و تەنانەت جلی ژێرەوەی ژنانەش) بۆ پاکستان، بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوە ڕەسمییەکان زەرەر و زیانی گومرگیان بڕی سێ بلیۆن دۆلار لە ساڵێکدا مەزەندە دەکەن.

بەڵام لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٩٩٧دا ئاراستەی کارکردنی تاڵیبان گۆڕانکاری بەسەرداهات و هەر لەو ساڵەدا، ڕێپێوانی ڕێکخراوەکانی ژنانی ئەمەریکا دژ بەو ڕێوشوێنە سەرکوتکەرانەی تاڵیبان لە بەرامبەر ژنانی ئەو وڵاتەدا گرتبوویە بەر دەستی پێ کرد، ئەمەش دەسەڵاتدارانی ئەمەریکای رووگیر کرد و لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەوە بەوە تاوانبار کران کە یارمەتی تاڵیبان دەدەن و پشتگیرییان لێ دەکەن.

بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناچاربوو لەسەر زمانی "مادلین ئۆڵبرایت"ی وەزیری دەرەوە، "نەواز شەریف"ی سەرەک وەزیرانی ئەوسای پاکستان وریا بکاتەوە، لەوەی، دەبێت وڵاتەکەی سنوورێک بۆ ئەو یارمەتییانە دابنێت کە پێشکێش بە ئەفغانستانی دەکات. بەڵام گۆڕانی لەوە گەورەتر ئەو کاتە رووی دا کە پێوەندی "مەلا عومەر و ئوسامە بن لادن" بۆ هەمووان ئاشکرا بوو. لەم پێوەندییەدا "مەلا عومەر" کەوتبووە ژێر کاریگەری زۆری بۆچوونی "بن لادن"، سەبارەت بە جیهادی سەرتاسەری و بەپێی ستراتیجییەتی "بن لادن" دەبوو سەرەڕەی ئەو جیهادە ئاراستەی وڵاتە

یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکرێت، بەو پێیەی ئەو وڵاتە گەورەترین دوژمنی ئیسلامە.

"بن لادن" دوانەکەوت لەوەی ئەم قسانەی بکاتە کردار و ئەوەبوو لە ئابی ساڵی ١٩٩٨، هەستا بە تەقاندنەوەی هەردوو باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە کینیا و تانزانیا. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش لای خۆیەوە دەستبەجێ بەرپرسیارێتی تەواوی ئەو کێشانەی لە دەرەوە رووبەڕووی سیاسەتەکانی ئەمەریکا دەبوونەوە، خستە ئەستۆی "بن لادن" و لەم مەسەلەیەدا ئەویان تاوانبار کرد.

لەلایەکی ترەوە پاکستانییەکان ترسیان لە بەتاڵیبانکردنی وڵاتەکەیان پەیدا کرد، چونکە کاریگەری ئایدیۆلۆجیای جیهادی تا دەهات زیادی دەکرد و پەتای (سەرلەنوێ بە ئیسلامیکردنەوە)ش، چەندین دیاردەی ژیانی لە شارەکانی پاکستاندا گرتەوە و چەندین کاری توندوتیژی ترسناکیش لە نێوان سوننە مەزهەب و شیعە مەزهەبەکانی ئەو وڵاتەدا سەریان هەڵ دا. شیعەکانی پاکستان ٢٥ ملیۆن کەسن لە کۆی ١٣٠ ملیۆن کەس کە ژمارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتەیە.

بێگومان هەموو ئەمانە هۆکارێکی گرینگ بوون بۆ ئەوەی ژەنەراڵ "پەروێز موشەڕەف" لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩دا کودەتایەک بەسەر (نەواز شەریف)دا بکات، چونکە پاکستان لە بەردەم مەترسی ئەوەدابوو لە گەمەی ئەفغانستاندا، لە نەخشە داڕێژەرەوە ببێتە قوربانی.

هەر بەتەنیا ئەم گۆڕانە لە هەڵوێستی پاکستاندا نەبووە مایەی ئەوەی ئاستێک بۆ هەڵکشان و پەلهاویشتنی زیاتری بزووتنەوەی تاڵیبان دابنێت، بگرە لە ناوەخۆشدا نیشانەی کەرتبوون و ناکۆکی نێوان پەشتۆنییەکان و ئەفغانە عەرەبەکان سەری هەڵدا. فەیلەقە عەرەبی و ئینتەر ناسیۆنالیزمە ئیسلامییەکەی "بن لادن"، ژمارەیان گەیشتبووە نێوان (١٠-١٢) هەزار چەکدار و ئەم هێزە سەرکردایەتی ئەو شەڕە بەردەوام و درێژخایەنەی دەکرد

که له دژی پاشماوەی هێزەکانی هاوپەیمانی باکور له ئارادا بوو.

گرینگترین نیشانەی تێکچوونی پێوەندی نێوان ئەفغان و ئەفغانە عەرەبەکان، ئەوەبوو عەرەبەکان له ریزی پشتەوە دادەمەزران و لوولەی چەکەکانیان ئاراستەی پشتی ئەفغانەکان دەکرد که ریزی پێشەوە بوون، بۆ ئەوەی له حاڵەتی هەڵهاتن و پێوەندیکردنیان به هاوپەیمانێتی باکورەوە، لێیان بێنە دەست و گوللەبارانیان بکەن.

بێگومان ئەم ناکۆکییە ناوەخۆییانە دەستیان له زووتر هەرەسهێنانی بەرەی موجاهیدەکاندا هەبوو، هەر له مەزار شەریفەوە تا کابول و قەندەهار و شوێنەکانی تری ئەفغانستان. له سەرجەم بەرەکانی شەڕدا ئەفغانییەکان دەستپێشخەر بوون، له خۆبەدەستەوەدان و عەرەبەکانیش تا دوا نەفەس شەڕیان کرد. رەنگە هەرەس و شکستی راستەقینەی پڕۆژەکەی "مەلا عومەر- بن لادن" یش لێرەدا بێت.

هیچ کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد "مەلا عومەر و بن لادن"، بتوانن تا سەر خۆیان له بەرامبەر ئەمەریکاییەکان و تەکنۆلۆجیا سەربازییە زۆر پێشکەوتووەکەیاندا رابگرن و سەرکەوتن بەسەریاندا بەدەست بێنن، بەڵام کەسیش چاوەڕوانی ئەوە نەبوو هەروا زوو هاوپەیمانی نێوانیان له ناوەخۆدا هەرەس بێنێ و دووچاری شکست بێت. بۆیە دەکرێت بڵێین شەڕی ئەفغانستان هەر بە تەنیا کۆتایی بە دەسەڵاتی تاڵیبان نەهێنا، بگرە لەگەڵیشیدا ئایدیای ئینتەر ناسیۆنالیزمی ئیسلامیشی هەرەس پێ هێنا!.